# ڕۆڵی ژن لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورددا
# مارگریت جۆرج بە نموونە

**پ.ی.د. ئامانج حسن ئەحمەد**
زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتییەکان، بەشی مێژوو
amanj.ahmed@univsul.edu.iq

**پوختە**

مەبەست لە نوسینی ئەم توێژینەوەیە خستنەڕووی لایەنە شاراوەکانی ڕۆڵی ژنە لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورددا، بەتایبەتی ڕۆڵی ژنە کریستیانی ئاسووری مارگرێت جۆرج کە لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا وەك یەکەم پێشمەرگەی ژن و شانبەشانی پیاوان بەشداری شەڕو چالاکییە چەکدارییەکانی شۆڕشی ئەیلولی کردووەو بووەتە سومبل و ڕەمزی خەباتی ژنان لە باشووری کوردستاندا، هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە رۆڵ وخەباتی مارگرێت بەپێی پێویست لەبەرچاو نەگیراوەو لە لایەن هەردوو نەتەوەی کوردو ئاسوورییەوە تا رادەیەك پەراوێزخراوە، بایەخی ئەم توێژینەوەیە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە وێنەیەکی روون دەخاتەبەرچاوی خوێنەرسەبارەت بە قۆناغەشاراوەکانی ژیانی مارگرێت و تیشکیش دەخاتە سەر گرنگترین ئەو شەڕە مەیدانیانەی کە لە چوارچێوەی شۆڕشی ئەیلولدا مارگرێت بەشداری تیاکردووە، بۆ نوسینی ئەم توێژینەوەیە سوود لەمیتۆدی(مێژوویی شیکاری)وەرگیراوە، بەتایبەتیش لە زۆر شوێندا بەهۆی هەستیاری بابەتەکەوە شرۆڤەو شیکاریمان بۆ ڕووداوەکان ئەنجامداوە، لە کۆتایی توێژینەوەکەشدا بە چەند ئەنجامێك گەیشتوین لەوانە، ئاشتی و پێکەوە ژیان لە سیما دیارەکانی پەیوەندی نێوان کوردو پێکهاتە ئاینی و نەتەوەییەکانی کوردستانەو لە زۆربەی رووداوەکاندا هاوهەڵوێست بوون، مارگرێت بەشێوەیەکی کردارەکی بەشداری لە شۆڕشی ئەیلولدا کردووەو بەیەکەم پێشمەرگەی ژن دادەنرێت لە شۆڕشی ئەیلولدا، جگەلەوەش مارگرێت بەتەنها رووبەڕووی کلتورو داب و نەریتی کۆمەڵگەی رۆژهەڵاتی بەگشتی و کلتوری خێڵگەرایی بووەتەوە، کە ئەنجامەکەی بە تراژیدیای تیرۆرکردنی خۆی کۆتایی هاتووە.

وشەکلیلەکان: مارگرێت، مەسیحیەکان، ئاسووری ، شۆڕشی ئەیلول، جاندارکیکوردستان، پێکهاتە ئاینی و نەتەوەییەکانی کوردستان.

**ملخص البحث**

لقد أبتغينا فی بحثنا هذا أن نسلط الضوء علی الجوانب الخفیه من دور المرأه فی الحرکه التحرریه للشعب الکوردی خصوصاً دور واحده منهن ألا وهی (مارگریت جورج) المسیحیه دین، و آثوریه القومیه، التی حملت السلاح فی بدایه حقبه الستینات من القرن المنصرم جنباً الی جنب مع الرجال البیشمرگه منذ بدایه اندلاع ثوره أیلول فی کوردستان العراق، وشارکت معهم فی الکفاح المسلح وأصبحت أیقونه و رمزاً لنضال المرأه فی جنوب کوردستان، وقد أردنا أن نبین دورها النضالی کونها لحد ألان لم تأخذ حقها وهی الی حدٍما مهمشه من قبل الکورد و الاثوریین من بنی جلدتها .

وتکمن أهمیه بحثنا هذا من أیضاح جوانب حیاه مارگریت الخفیه و التی طواها النسیان ، اذا أردنا قدر المستطاع توضیح دورها الفعال فی المعارك المیدانیه التی شارکت فیها أبان ثوره أیلول.

أعتمدنا فی هذا البحث علی المنهج التاریخی والتحلیلی، و خاصه فی ایضاح مواضع عده بسبب حساسیتها تبعنا التحلیل التأریخی، وفی نهایه بحثنا وصلنا الی عده نتائج ، منها السلم والتسامح کانت و ماتزال أحد أهم الملامح البارزه فی العلاقه بین الکورد و المکونات الدینیه و الأثنیه الاخری فی کوردستان، أذا کانوا متجانسین فی أغلبیه المواقف، ولم تکن هناك وجود لای نوع من أنواع العداء فیما بینهم، و کانت مارگریت قد شارکت مشارکه فعلیه فی ثوره أیلول وتعتبر أول مرأه تحمل السلاح فی تلك الثوره، متحدیه الموروث الأجتماعی و الثقافی لمجتمع شرقی و قبلی، تلك المواجه الدراماتیکیه التی انتهت بأغتیالها.

الکلمات المفتاحیه: مارگریت، المسیحیون، الاثوریون، ثوره أیلول، جاندارك کوردستان، الطوائف الدینیه.



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

**Abstract**

The main point in regards of writing this research is to reflect the hidden roles of women in the movements of Kurdish nation liberations, especially an Asseryan woman names ‘Margret Goerge’ in the early 60s of the 20th centuries as one of the first female peshmarga attributing fights and armory activities side by side the male peshmargas which have resulted in becoming the symbol of struggle in South Kurdistan. The reason of choosing this particular topic was due to the neglecting of the important roles and fights of this Asuri woman by both the Kurdish nation and the Asseryan nation as well. The focus of this research is to help the readers and observes create and picture a crystal-clear vision the most important field battles related to the April revolution in which Margaret Goerge was involved. History of analysis was very beneficial in writing this research and due to the sensitivity of this subject we have placed explanations alongside analysis of the occurred incidents, by the end of the research, we have reached a few targets such as, freedom and coexistence between Kurds in regards of the religious and national compositions of Kurdistan were co-positioned. Margaret, who was the first ever woman to get involved in the September revolution, managed to have a role in action. Besides that, Margaret challenged the norms and culture of western society alone in which resulted in the tragic assassination of herself.

Keywords: Margaret, Christians, Assyrians, September Revolution, Kurdistan’s Jandarak, Religious Denomination.

**پێشەكی**

كرســــتیانە ئاســــوورییەكان، یەكێكن لەو پێكهاتە ئاینی و ئیتنیانەی كوردســــتان، كە بەرمەبنای نزیكی و تێكەڵبیان لەگەڵ كۆمەڵگەی كوردی، لە مێژووی نوێ وهاوچەرخی ناوچەكەدا پەیوەندییەكی دوولایەنەیان بە كوردەوە هەبووەو بەپێی قەبارەی خۆیان سەنگ و قورساییان لە رووداوە سیاسی و سەربازییەكانی باشووری كوردستاندا هەبووە، كە بێگومان پەیوەندیەكانیشیان بەپێی پێشهات و پەرەسەندنە سیاسی و سەبازییەكان و لەژێر كاریگەری سیاسەتی وڵاتە زلهێزەكاندا بە دۆخی هەڵكشان وداكشاندا رۆیشتووە، بەتایبەتی لە سەرەتای سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلولی 1961دا، ژمارەیەكی بەرچاو لە كرستیانەكان وەك پێشمەرگەو كادری حزبی بەشداری هەستپێكراویان هەبووە، لەو چوارچێوەیەشدا مارگرێت جۆرج شەڵی، وەك ژنە كرستیانێك بەبێ لەبەرچاوگرتنی كولتورو جیاوازی ئاینی و رەگەزی، وەك یەكەم پێشمەرگەی ژن بەشداری لە شۆڕشی ئەیلولدا كردووە، بەجۆرێك لەو قۆناغەدا مارگرێت بووەتە سیمبول و نوماینده‌ی تۆێژی ژنان لە شۆڕشی ئەیلولداو كاری كردووە بۆ هاندانی رەگەزی مێ بۆ بەشداریكردنیان لە رووبەڕووبونەوەی ستەم و زوڵمی دەسەڵاتە یەك لەدوایەكەكانی عێراق.

هۆكاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە تاكو ئێستا توێژینەوەیەكی سەربەخۆ لەسەر ئەم بابەتە ئەنجام نەدراوەو خەبات و تێكۆشانی هەشت ساڵەی مارگرێت بە پەنهانی و پەردەپۆشكراوی ماوەتەوە.

ئامانج لە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە، خستنەرووی لایەنە شاراوەكانی ژیانی ئەم ژنە ئاسوورییە كرستیانەیە كە لەلایەكەوە جەنگێكی گەورەی لە دژی كلتورو داب و نەریتی خێڵەكیانەی ناوچەكە ڕاگەیاندووە، لەلایەكی دیكەشەوە لە هەستیارترین قۆناغی مێژووی خەباتی كورددا، وەك پێشمەرگەو ژنە گەریلایەكی تاقانە بەشداری زۆربەی شەڕو رووبەرووبونەوە چەكدارییەكانی دژ بە حكومەتەكانی سالآنی شەستەكانی عێراق كردووە، هەربۆیە ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات وەڵامی چەند پرسیارێک بەدەست بێنێت لەوانە، ئایا مارگرێت تا چ ئاستێک بەشداری شۆڕشی ئەیلولی كردووە؟ ئەو بەربەست و ئاڵەنگارییانە كامانەن كە ڕووبەڕی مارگرێت بوونەتەوە؟ پەیام و ئامانجی مارگرێت لە بوون بە پێشمەگە چیبووە؟

بۆنوسینی ئەم توێژینەوەیە، سوود لە میتۆدی مێژوویی بینراوەو بەپێی پێویستیش میتۆدی شیكاری بەكارهاتووە، چونكە بەشێكی زۆری رووداوەكانی ژیانی مارگرێت بەشاراوەیی ماونەتەوەو زۆربەی سەرچاوەكانیش بە مەبەست خۆیان لە راستی بەدوورگرتووە، هەربۆیە زۆربەی زانیارییەكان پێویستییان بە شیكاری و شرۆڤەكردن هەبووەو بەپێی تواناش هەوڵمانداوە شیكارییەكی درووست بۆ ڕووداوەكان بكەین.

پێكهاتەی توێژینەوە: پێكهاتەی ئەم توێژینەوەیە لە پێنج تەوەرەی سەرەكی پێكهاتووە، بەجۆرێک تەوەرەی یەكەم تەرخانكراوە بۆ خستنەڕووی ژیانی مارگرێت و خستنەڕووی پوختەیەک لەسەر بنەماڵەكەیان، تەوەرەی دووەم تەرخانكراوە بۆ خستنەڕووی سەرنجێكی گشتی لەبارەی پێشینەیەكی مێژوویی پەیوەنی كوردو ئاسوورییەكان و بەشداریكردنیان لە شۆڕشی

ئەیلولدا، تەوەرەی سێیەمی ئەم توێژینەوەیە بۆ بەشداری مارگرێت وەك یەكەم ژنە پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول تەرخانكراوە، سەبارەت بەتەوەرەی چوارەم تەرخانكراوە بۆ كۆتایی ژیان و رووداوی تیرۆركردنی مارگرێت، كەسەرەڕای هەستیاری بەبەتەكەو كەمی سەرچاوەی پێویست، هەوڵمانداوە شرۆڤەی ڕووداوەكە بكەین و لە چوارچێوەی چەند ئەگەرێک شیكاری بۆ رووداوی تیرۆركردنەكەی بكەین، تەوەرەی پێنجەم و كۆتایی تارادەیەک لەچاو توێژینەوەكانی دیكە جیاوازەو تەرخانمان كردووە بۆ هۆكاری هەڵاواردن و پەراوێزخستنی مارگرێت لە سەرچاوەو بەڵگەنامە مێژووییەكاندا، لە كۆتاییشدا گرنگترین ئەو ئەنجامانەمان خستووەتەڕوو كە بەرمەبنای توێژینەوەكە پێی گەیشتووین.

گرفتی توێژینەوەكە: بۆ نوسینی ئەم توێژینەوەیە رووبەڕووی كۆمەڵێك گرفتی سەرەكی بوینەتەوە كە لەپێش هەموویانەوە كەمی سەرچاوەی پێویست، جگەلەوەش بەهۆی هەستیاری بابەتەكەوە زۆربەی سەرچاوەكان بەشێوەیەكی خێراو سەرپێیانە ئاماژەیان بە مارگرێت كردووە، بەتایبەتیش بابەتی تیرۆركردنەكەی هێشتا هەربە پەنهانی ماوەتەوەو بەڵگەنامەو دەیتای باوەڕپێكراو بەدەست نەكەوتووە، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا توانیومانە كە بابەتێكی زانستیانە ئەنجام بدەین كە بێگومان هیچ كارێكی مرۆڤ كرد بەبێ كەم و كورتی نییە .

شیكردنەوەی سەرچاوەكان: بۆ نوسینی ئەم توێژینەوەیە سودمان لە كۆمەڵێك سەرچاوەی جۆراوجۆر وەرگرتووە بەتایبەتی نوسینی گەڕیدەو رۆژنامە نوسە بیانییەكان لەنێویشیاندا، كتێبی(كوردستان یان نەمان)ی رێنییە مۆریس و كتێبی (رحلە الی رجال الشجعان)ی دانا ادمز شمدیت، جگەلەوەش كتێبی (الپیشمرگە الشهیدە مارگریت جورج)ی داود مراد ختاری وەرگرتووەو لە چەند وێزگەیەكی جیاوازی ژیانی مارگریت سودمان لێبینیوە، هاوكات یەكێكی دیكە لەسەرچاوە گرنگەكان كتێبەكەی كچە نوسەری ئاسووری ئەڵدا بنجامینە بەناونیشانیAssyrians in Modern Iraq) )كە پەردەی لە سەر بەشێك لە نەزانراوەكانی ژیانی مارگریت هەڵماڵیوەو تارادەیەك سوودمان لێبینیوە ، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا توانیومانە چەند چاوپێكەوتنێك ئەنجام بدەین و بەتایبەتی لەگەڵ رۆز جۆرجی خوشكیی مارگرێت كە چەندجارێك لەرێگەی وەتس ئاپەوە چاوپێكەوتنمان ئەنجامداوەو سوودی زۆرمان لە زانیارییەكانی وەرگرتووە بەتایبەتی بۆ وەرگرتنی زانیاری لە بارەی بنەماڵەو وردەكاری ژیاننامەی مارگرێت .

ڕاسپاردەو پێشنیار: بەوپێیەی كە پسپۆڕی مێژوو سروشتی زانستی بوونی هەیەو وەك هەر توێژینەوەیەكی دیكە سودی بۆ ئێستاو داهاتوو هەیە، پێشنیاردەكەین كە پێشمەرگەو فەرماندەكانی شۆڕشی ئەیلول لە چوارچێوەی بیرەوەری و یاداشتنامەكانی خۆیاندا پەردە لەسەر راستی رووداوە مێژووییەكان هەڵبماڵن، بۆ ئەوەی لە داهاتوودا توێژەری دیكە بەتایبەتی كرستیانی لەبارەی ژیان و قۆناغەكانی خەباتی مارگرێتەوە توێژینەوەی دیكە ئەنجام بدەن.

**تەوەرەی یەكەم : ژیان و بنەماڵەو دونیابینی مارگریت جۆرج**

مارگریت جۆرج مالیك شێلۆ(Margaret George)، ناسراو بە (مەگۆ)و لەنێو خەڵكی كوردستانیشدا بە (جان داركی كورد یان دایا كوردستان)ناسراوە، ئەو پێشمەرگەو ژنە شەرڤانی بە ڕەچەڵەک ئاسووری و بە ئاین كرستیانی لە ١٩٤٢/١/٢١ لە گوندی(دورێ)ی ناوچەی بەرواری باڵای سەر بە شارەدێی ئامێدی لە بنەماڵەیەكی دیندارو خاوەن ئابووری مام ناوەند لە دایک بووە، جۆرج مالكی باوكی مارگرێت كەسایەتییەكی دیارو جەنگاوەرێكی نیشتیمان پەروەرو ئازای نێو پێكهاتەی ئاسوورییەكانە، كە ڕەچەڵەكی بنەماڵەكەیان بۆ هۆزی گەورەی(جیلۆ) دەگەڕێتەوە(ڕۆز جۆرج،2023)، كە یەكێكە لە گەورە هۆزی ئاسوورییەكان كە لە سنووری ولایەتی(هەكاری) لە ناوچە شاخاوی و سەختەكانی باكووری كوردستان لە باشووری رۆژهەڵاتی توركیا نیشتەجێ بوون، بەڵام لە دوای تێوەگلانی دوەڵەتی عوسمانی لە جەنگی یەكەمی جیهانی و راگەیاندنی شەڕی جیهادی پیرۆز لە دژی بەرەی هاوپەیمانان و لایەنگرانیان، لە زستانی 1915دا ئاسوورییەكان زێدی باووباپیرانی خۆیان لە هەكاری بەجێهێشتووەو بەرەو هەمەدان و پاشان بۆ عێراق و سنوورەكانی باشووری كوردستان لە ناوچەكانی بادینان كۆچیان كردووە، چونكە ئاسوورییەكان لەو قۆناغەدا بەهۆی ستەم و توندوتیژی دەسەڵاتدارانی دەوڵەتی عوسمانییەوە، پشتگیری خۆیان بۆ بەرەی هاوپەیمانان بەگشتی و روسیای قەیسەری راگەیاندووە(بارمتی، بدون سنە طبع: 89-95). لەو بارەیەوە (ڕۆز جۆرج)ی خوشكی مارگرێت ئاماژە بەوە دەكات كە باوباپیرانیان لە روسیاوە بەرەو عێراق كۆچیان كردووەو لە گوندی(دوری) نیشتەجێ بوون، دایكی مارگرێت ناوی (مریم- مەیوو)ەو هەر لە ساڵی 1918 لە خێوەتگەی بەعقوبە لەدایک بووەو لە گوندی دێرێ گەورە بووە، پاشان لە هەمان گوند هاوسەرگیری لەگەڵ (جۆرج مالک شمعون)كردووە، ئەوان سەرەڕای ناسەقامگیری و خراپی بارودۆخی سیاسی و ئابووری ناوچەكەو راگوازتنی ناچاریانەی بنەماڵەكەیان، خاوەنی خێزانێكی تەندرووست و بەختەوەر بوون و پابەندی كلتورو داب و نەریتی كۆمەڵگەو خێڵەكەیان بوون، مارگرێت یەكەم منداڵی ئەم خێزانەیەو دوو براو دوو خوشكی هەیە، كە لەنێو سۆزو خۆشەویستی دایک و باوكیاندا گەورەبوون (ختاری، 2022: 69-70).

مارگرێت، كەسێكی خوێندەوارو زیرەك بووەو سەرەتا لەبەغداو پاشان لە ئامێدی خوێندویەتی(بەرنامەی دۆكیۆمێنتاریJintv)، ئەو زۆر حەزی بە خوێندنەوەی كتێبی شۆڕشگێڕی كردووەو زۆربەی كاتەكانی ڕۆژانەی بۆخوێندنەوەی

کتێبە بیانییەکان تەرخان کردووە، لەوچوارچێوەیەشدا سەرسام بووە بە شۆڕشی فەرەنسی و تەنانەت ئارادەیەکی زۆر کەوتووەتە ژێر کاریگەری نوسەرو بیرمەندە فەرەنسییەکانەوەو شارەزاییەکی باشی لە مێژووی ئەو وڵاتەدا هەبووە، هەر لەرێگەی خوێندنەوەوە بە ژیان و کەسێتی جان دارک(Joan of Arc)ی کچە شۆرشگێری نێو چینی هەژارانی کۆمەڵگەی فەرەنسی ئاشنا دەبێت، کە لە شەڕی سەد ساڵەی نێوان فەرەنساو ئینگلتەرا، وەک سەرکردەیەکی بزوتنەوەی چەکداری لەدژی داگیرکاری ئینگلیزی خەباتی کردووە، هەر ئەمەش وا لە مارگرێت دەکات کەسێتی جاندارک لەخۆیدا ببینێتەوەو ببێتە کەسێکی یاخی و رەچەشکێن و دژ بە دەسەڵاتی داگیرکەرو ستەمکار، بەجۆرێک کە لەیەککاتدا رووبەرووی کلتوری باوکسالاری کۆمەڵگەی کوردی و ئاسووری ببێتەوە، لە هەمانکاتیشدا هاوشێوەی جان دارک، رووبەڕووی زوڵم و ستەمی حکومەتی عێراق ببێتەوە،کە بە هەموو شێوەو ئامرازێکی توندوتیژانە رووبەرووی کوردو پێکهاتە ئاینی و نەتەوەییەکان دەبوونەوە(نادر، 2023: 6)،(قەرەداخی، 2018: 68) .

جێگەی سەرنجە کە ئەگەرچی هەندێك لە سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە مارگریت چ لە ناوچەکەی خۆیان چ لە قۆناغەکانی دواتریشدا و بەتایبەتی لە سالانی شۆرشی ئەیلولدا وەك پەرستارو برینپێچ لە نەخۆشخانەکان کاری کردووەو خزمەتی پێشمەرگەو خەڵکی هەژاری کوردستانی کردووە(شمدت،1999: 231 ؛ بارمتی، بدون سنە طبع: 148)، بەڵام هیچ بەڵگەو دۆکیۆمێنتێکمان بەردەست نەکەوت کە ئەوە بسەلمێنێت مارگرێت یەکێك لە لق و بەشە زانستییەکانی تایبەت بە پزیشکی خوێندبێت، بەڵکو تەنها وەک گەنجێکی ئازاو چاونەترس هاوکاری سەرەتایی پێشکەش بە پێشمەرگە برینداره‌کان کردووە، لەو بارەیەشەوە(رۆز جۆرج) ئاماژە بەوەدەکات کە مارگریت تەنها قۆناغی سەرەتایی خوێندووە(رۆز جۆرج،2023)، بەڵام پێدەچێت مارگرێت خولی شیاندنی پەرستاری و برین پێچی خوێندبێت و فێری هەنگاوە سەرەتاییەکانی فریاگوزاری سەرەتایی بوبێت، چونکە لەو قۆناغەدا سەرکردایەتی شۆڕش بە پشت بەستن بە هاوکاری دەرەکی بەناچاری خولی شیاندنی بۆ کۆمەڵێک لە پێشمەرگەو کادرانی حزب کردۆتەوە، لەو بارەیەوە شلومو نکدیمون ئاماژە بەوە دەکات کە ئەوان وەک حکومەتی ئیسرائیل لە چوارچێوەی هاوکارییەکانیان بۆ شۆڕشی ئەیلول، لە٢٦ی ئەیلولی ١٩٦٦ خولێکی شیاندنی پەرستارییان بۆ ژمارەیەک لە ئاسوورییەکان کردۆتەوەو فێری فریاگوزاری سەرەتایی و پرینپێچییان کردوون(نکدیمون، 1997: 189)، کە رێگەی تێدەچێت مارگرێت یەکێک بوبێت لەوانە.

زۆربەی سەرچاوەکان کۆکن لەسەر ئەوەی کە مارگرێت خاوەن کەسێتییەکی کاریزماو بەهێزو ئازاو چاونەترس بووەو هەرگیز سڵی لە ئەرکە قورسەکان نەکردۆتەوەو هەمیشە دەستپێشخەر بووەو سیمای سەرکردەیی لە کەسێتیدا رەنگیداوەتەوە، لەو بارەیەوە ئەپلۆگەر خۆشاب لە دیمانەیەکی تەلەفیزۆنیدا دەڵێت" هەمیشە وەک کەسێکی بەهێزو باوەربەخۆ دەردەکەوت، کاتێک تفەنگەکەی بەدەستەوە دەگرت و سوار ئەسپەکەی دەبوو، سام و هەیبەتی هەبوو"(بەرنامەی دۆکیۆمێنتاریJintv)، لەگەڵ ئەوەشدا کەسێکی دەم بەخەندەو خۆشەویست و دڵفراوان و قسەلەروو بووە، سەبارەت بە پابەندبوونی بە کلتورو داب و نەریتەوە جیاواز لە تێروانینی هەردوو کۆمەڵگەی کوردی و ئاسووری مامەڵەی کردووەو هەوڵیداوە ڕێچکە شکێن بێت و ئەوە بسەلمێنێت کە ژن لەگەڵ پیاودا یەکسانەو توانای ئەنجامدانی کارە سەختەکانی هەیە، بەتایبەتیش خەباتی چەکداری، کە بەپێی زانیارییەکانی نوسەری فەرەنسی رینیە مۆریس، مارگرێت نشانشکێنێکی بەتواناو لێهاتوو بووەو ئارەزووی لە ئەسپ سواری و هۆنراوەو گۆرانی بووە(موریس، 2008: 162 ؛ ڕۆز جۆرج،2023)

بەپێی هەندێك لە سەرچاوەکان پێش ئەوەی پەیوەندی بە ڕیزەکانی شۆڕشەوە بکات، مارگرێت هاوسەرگیری لەگەڵ کەسێکدا کردووە بەناوی(موسا خەمو)، بەڵام هاوسەرگیرییەکەیان زۆری نەخایاندووەو لەیەکتری جیابوونەتەوە (ختاری، 2022: 53)، بە بروای ئێمە هۆکاری شکستهێنانی ئەم هاوسەرگیرییەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەرلەسەرەتاوە مارگرێت ئامادە نەبووە هاوسەرگیری لەگەڵ ئەم کەسەدا بکات، چونکە بە وتەی ئەپلۆگەر خوشابا، موسا کەسێکی سەربەکێشە بووەو دڵخوازی مارگرێت نەبووە(بەرنامەی دۆکیۆمێنتاریJintv)، بەڵام سەرەرای هەموو ئەمانەش لەژێر کاریگەری کلتورو داب ونەریتی خێڵەکی و باوکسالاریدا هاوسەرگیرییەکەی ئەنجامداوە، جێگەی سەرنجە کە هەرلەسەرەتای لاوێتییەوە مارگرێت تینوی ئازادی بووەو هەوڵیداوە بە رەزامەندی خۆی هاوسەرگیری بکات، هەربۆیە لەدوای ماوەیەك بریاری سەربەستبوونی خۆی داوە، کە ئەمەش بۆ کۆمەڵگەی نێرسالاری وخێڵەکیانەی ئەوکاتەی کوردو ئاسووری دیاردەیەکی نامۆبووەو دەکرێت وەك شۆڕشێك لە دژی کلتورو داب و نەریتی چەقبەستووی باو تەماشا بکرێت.

هاوکات لەدوای دانوستانی نێوان سەرکردایەتی شۆڕش و حکومەتی عێراق لە ساڵی 1964دا، مارگرێت و باوکی روو دەکەنە شارۆچکەی رانییەو لەوێ نیشتەجێ دەبن، لێرەدا وێستگەیەکی راستەقینەی سۆزداری لای مارگرێت لەگەڵ لاوێکی نیشتیمانپەروەری کورد بە ناوی(هۆمەر دزەیی)دەست پێدەکات، ئەوان بەشێوەیەکی راستەقینەو بەبێ لەبەرچاوگرتنی جیاوازی کلتورو ئاین عەشقی یەکتری دەبن و بەڵێنی هاوسەرگیریان بەیەکترداوە، لەوبارەیەوە هۆمەر دزەیی لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا

بەئاشکرا ئاماژە بە خۆشەویستی نێوانیان دەکات و دەڵێت" من و مارگرێت کەوتینە داوی حەزلێکردنێکی نیمچە پلاتۆنی...، بەڵام خوا ئاگای لێییە حەزلێکردنێکی کڕو بێدەنگ کە زیاتر بە نامەگۆڕکێ هەستی گرتووی ناودڵمان بۆ یەیکتری هەڵدەڕشت و هەرزووش بڕیاری هاوسەرگیریماندا"، بەڵام بەهۆی ناسەقامگیری بارودۆخی کوردستان وسەرهەڵدانەوەی شۆڕش وگەڕانەوەی دزەیی بۆ پاریس، هاوسەرگیرییەکەیان بەپایان نەگەیشتووەو شکستی هێناوە، ئەمەش لە کاتێکدابووە کە مارگرێت وردەکاری پەیوەندییە سۆزدارییەکانی خۆی لەگەڵ هۆمەر دزەییدا بۆ جۆرج مالکی باوکی باس کردووە(دزەیی، ب2 ،2022: 257 -260)، ئەمەش بەڵگەو سەلمێنەری ئەو ڕاستییە دەردەخات کە مارگرێت بەشێوەیەکی زیاد لە پێویست، هۆگری باوکی بووەو وەک هاڕێ مامەڵەیان لەگەڵ یەکتردا کردووە، کە بێگومان ئەمەش بۆ ئەو قۆناغە مێژووییە دیاردەیەکی دەگمەن بووە.

ئەوەی جێگەی سەرنجە مارگرێت وەك کوردستانییەك مامەڵەی کردووەو خۆشەویستی کوردستان و نیشتیمانپەروەری هەست وهۆشی داگیر کردووە، تەنانەت لە نامەسۆزدارییەکانی کە بۆ دزەیی ناردووە چەمکی (سڵاوی شۆڕشگێرانە، کوردستان، کوردستان یان نەمان، شۆڕش، پارتی...)تیا بەکارهێناوەو نامە دڵدارییەکانی خۆی پێڕازاندۆتەوە(دزەیی، ب2 ،2022: 258-264) .

**دووەم: بەشداریکردنی کرستیانەکان لە شۆڕشی ئەیلول**

بەشێوەیەکی گشتی زۆربەی سەرچاوەکان کۆکن لەسەر ئەوەی کە پێش هاتن و دەرکەوتنی چالاکی سیخوڕو موژدەدەرو بیانییەکان بۆ خاکی کوردستان، پەیوەندییەکی دۆستانەو پێکەوەژیان لە نێوان کوردو پێکهاتە ئاینییەکان بەگشتی و مەسیحییەکان بەتایبەتی بوونی هەبووە، تەنانەت زۆربەی پێکهاتەکان لە دەسەڵاتی میرو دەرەبەگە کوردەکان رازی بوون و بەشێوەیەکی ئازادانە پابەندی رێوڕەسمە ئاینی و کۆمەڵایەتییەکانی خۆیان بوون(امین، 1992: 256)، بەڵام لەگەڵ پەرەسەندنی چالاکی بیانییەکان و خزینی دەسەڵاتی زلهێزەکان بۆ ناوچەکە، هەندێکجارو لە مەوداو سنوورێکی دیاریکراودا پەیوەندییەکانیان بە ئاڕاستەی ناسەقامگیری وهەندێکجاریش پێکدادان هەنگاوی ناوە(البوتاني، 2007: 33)، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا کوردو ئاسوورییەکان خاوەنی مێژوویەکی مەودافراوانن لە دۆستایەتی و پێکەوژیان، بەتایبەتیش هەریەکە لە ئێزدان شێرو شێخ عوبەیدوڵای نەهری و شێخ عەبدولسەلامی بارزانی و شێخ مەحمودی حەفید، بەوپەڕی ڕێزەوە مامەڵەیان لەگەڵ مەسیحییەکان کردووەو زۆربەی جاریش پێگەو بەرپرسیارێتی هەستیاریان بەوان بەخشیوە(ئەحمەد، 2015: 89-99).

سەبارەت بە پەیوەندییەکانی نێوان کوردو مەسیحییەکان لە مێژووی هاوچەرخدا، تاڕادەیەکی زۆر پێکەوەژیان و هەندێکجارێش پێکەوەهەڵکردن لەنێوانیاندا بوونی هەبووەو لە زۆربەی هەڵوێستەکانیشیاندا هاوبەش وهاوهەڵوێست بوون، بەجۆرێك لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا گەلانی عێراق بە کوردو پێکهاتە ئاینی و نەتەوەییەکانەوە بەو شۆڕشە دڵخۆش بوون کە لە رێکەوتی 14ی تەموزی 1958 لە عێراق روویدا، کە تیایداعەبدولکەریم قاسم کۆتایی بە ڕژێمی پاشایەتی هێناو سیستمی کۆماری لە وڵاتدا دامەزراند(الجعفری،2000: 46-51)، ئەوەبوو پارتی دیموکراتی کوردستان کە تاکو ئەوکاتە بەهێزترین و چالاکترین پارتی نهێنی سەرشانۆی سیاسی کوردستانی عێراق بوو، بەفەرمی لە 16ی تەموزدا بروسکەی پیرۆزبایی بۆ سەرکردایەتی شۆڕش ناردو تیایدا جگەلە خستنەڕووی پوختەیەکی مێژوویی لەبارەی زوڵم وستەمی ڕژێمی پاشایەتی بەرامبەر بەکورد، لە هەمانکاتدا داوای بەدیهێنانی مافەکانی گەلی کوردیان کرد لە چوارچێوەی مافی ئۆتۆنۆمیدا(بارزانی، 2012،ب2: 38-44)، ئەگەرچی لە سەرەتادا حکومەتی عێراق هەڵوێستێکی ئەرێنیانەی بەرامبەر بە مەسیحی وکوردو سەرکردایەتی پارتی هەبوو، بەجۆرێک کە هەر لەسەرەتاوە بەڵێنی بەدیهێنانی مافی پێکهاتە ئاینییەکانیانداو جەختیان لەسەر پێدانی مافی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد کردەوە(Donabed,2015:140)، بەڵام هەرزوو پەیوەندییەکانیان بە ئاڕاستەی ململانێ و ناسەقامگیری سیاسی هەنگاوی دەناو ڕۆژ لە دوای ڕۆژ دەسەڵاتدارانی عێراق لە بەرجەستەکردنی مافەکانی گەلی کوردستان پاشگەز دەبوونەوە، هەموو ئەمانەش بوونەهۆی ئەوەی کە سەرکردایەتی کورد جگە لە پەنابردن بۆ خەباتی چەکداری و ڕاگەیاندنی شۆڕش، هیچ بژاردەیەکی دیکەی لەبەردەم نەبێت(لازاریف، 2008: 454-459)، ئەوەبوو لە ئەیلولی 1961دا بەفەرمی شۆڕشی چەکداری لەدژی دەسەڵاتی قاسم ڕاگەیەنرا، ئەمەش دوای ئەوەهات کە دەسەڵاتدارانی حکومەتی عێراق هەڵمەتی دەستگیرکردن و پەلاماردانی کادرانی پارتی دەستپێکردو سەرەتاکانی پاشگەزبوونەوە لە بەڵێنی ئاشتی و پێکەوەژیان و دابینکردنی مافەنەتەوەییەکانی کورد بە ئاشکرا هەستی پێدەکرا، لەسەروو ئەمانەشەوە بۆردوومانکردنی گوندو ناوچەکانی کوردستان بەگشتی و بۆردومانی فرۆکەکانی حکومەتی عێراق بۆسەرناوچەی بارزان، هێندەی دیکە زەمینەی سەرهەڵدانی شۆڕش وراگەیاندنی خەباتی چەکداری رەخساند(سنجاری، 1997: 44 ؛ یوسفی،2021: 18).

ئەرکی سەرەکی سەرکردایەتی کوردو پارتی دیموکراتی کوردستان لەم قۆناغەدا، بریتی بوو لە داڕشتنی بەرنامەو ستراتیجێك کە لە رێگەیەوە بتوانن چین وتوێژەکانی کۆمەڵگەی کوردی بە سەرجەم پێکهاتە ئاینی نەتەوەییەکانەوە لەدەوری شۆڕش لە دژی دەسەڵاتدارانی عێراق کۆبکەنەوەو هێزی پێشمەرگەی کوردستان بکەنە هێزێکی نشتیمانی و پارێزەری هەموان،

بەجۆرێك كە هەموو پێكهاتەكانی كوردستان، پێشمەرگە بەموڵك و پارێزەری خۆیان بزانن و تیایدا بەشداربن، هەرئەمەش وایكرد كە بەشێكی زۆر لە مەسیحییەكانی كوردستان بە كلدو ئاسوورو پێكهاتە مەزهەبییە جیاوازەكانەوە بەشداری لە خەباتی سیاسی نێو پارتی بكەن و ژمارەیەكی بەرچاویشیان بچنە نێو ریزی هێزەكانی پێشمەرگەوە، كە بێگومان لەو چوارچێوەی ئەو رێبازو خەباتەشدا قوربانی گەورەیاندا‌وە.

جێگەی باسە كە سەرپەرشتیكردن و ئەنجامدانی چالاكییەكیانی شۆڕشی ئەیلول هەرلەسەرەتاوە بۆ دوو زۆن و هەرێمی جیاوازی وەك(سۆران و بادینان) دابەش ببوو، بەجۆرێك ناوچەی سۆران چەقی چالاكییە چەكدارییەكانی مەكتەبی سیاسی پارتی لەخۆدەگرت و هەرێمی بادینانیش قورسایی خەبات و تێكۆشانی مستەفا بارزانی سەرۆكی پارتی بوو، كە بەشێوەیەكی گشتی قورسایی مەسیحییەكان كەوتۆتە ناوچەی بادینانەوە، هەربۆیە بەشداریكردنی مەسیحییەكان لە شۆڕشی ئەیلولدا زیاتر لە شارو شارۆچكەو گوندەكانی بادینان بوو، بەبەراورد بەناوچەكانی دیكە .

بەشێوەیەكی گشتی بەشداریكردنی مەسیحییەكان لە شۆڕشی ئەیلولدا بۆ كۆمەڵێك هۆكار دەگەڕێتەوە، پێش هەموو شتێك كوردو مەسیحییەكان لە كوردستاندا پێشینەیەكی پەیوەندی دۆستانەو پێكەوەژیان و ئاشتیانەیان هەیەو زۆربەی كات لەسەر پرسە سیاسی و نەتەوەییەكان هاوسۆزبوون(چكو، 2010: 16-18)، هاوكات سەركردایەتی شۆڕشی ئەیلول و فەرماندەباڵاكان هەمیشە لە خەمی پێكەوەژیان و ئاشتی كۆمەڵایەتی ناوچەكەدابوون و هەوڵیانداوە ڕێگری لە هەر كردەوەیەك بكەن كە ببێتە هۆی ئازاردانی مەسیحییەكانی ناوچەكە(یوسف، 2009: 225)، لەچوارچێوەی یاداشتەكانیشیاندا بۆ حكومەتی عێراق جەختیان لە بەرجەستەكردنی ماف و ئازادییە ئاینی و كلتورییەكانی ئاسوورییەكان دەكردەوە(بارمتی، بدون سنە طبع: 145)، لە هەموشی گرنگتر ئەوەیە مەسیحیەكانی كوردستانی عێراق هاوشێوەی كورد، لەلایەن حكومەتە یەك لەدوایەكەكانی عێراقەوە رووبەڕووی خراپترین جۆری توندوتیژی و ستەم بوونەتەوەو سیاسەتی كۆمەڵكوژی و راگواستن و بەعەرەبكردن و كاولكارییان لەدژ بەكارهاتووە(لازاریف،2008: 462-463؛ آحی،بدون سنەالطبع: 93)، هەروەك لە نامەیەكیدا كە(گورگیس مەلك چكو) بۆ پاپا پۆڵیس و لیژنەی مافی مرۆڤی سەربە نەتەوە یەكگرتووەكانی ناردووەو ئاماژە بە زوڵم و ستەمی دەسەڵاتدارانی عێراق دەكات كە بەبێ جیاوازی دەرحەق بە گەلی كوردو پێكهاتە ئاینیە مەسیحییەكان كراوە(چكو، 2010: 165)، لەلایەكی دیكەوە سەرەڕای ئەوەی كە لەو قۆناغەدا هەندێك كۆمەڵەو پارتی سیاسی مەسیحی بوونیان هەبووەو خەباتیان لەپێناو مافە نەتەوەییەكانیان كردووە، بەڵام بەبڕوای هەندێك لە ڕۆشنبیرانی مەسیحی ئەو پارتانە نەبوونەتە جێگەی باوەڕی زۆرینەو لە مەوداو دوونیابینییەكی بەرتەسكدا كاریان كردووە، لەوبارەیەوە ئەفرام عیسی دەڵێت" كلدو ئاسووری وسریانییەكان، خواستی ئەوەیان هەبوو كە لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا مافە سیاسی و ئاینی و كلتورییەكانیان بەدەست بێنن، بەڵام لەو قۆناغەدا نەیانتوانیوە لەچوارچێوەی پارتێكی سیاسی یەكگرتوو بەهێزدا خۆیان رێكبخەن، هەربۆیە كەسانی وەك فرانسیس حەریری و جەرجیس فەتحوڵا ، دوودڵ نەبوون لە پەیوەندیكردن بە بارزانی و شۆڕشی كوردەوە"(یوسف، 2009: 224).

**سێیەم: مارگرێت وەك یەكەم ژنە پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول**

بەشێوەیەكی گشتی دوای ئەوەی كە پەیوەندییەكانی بارزانی لەگەڵ قاسم بە بنبەست گەیشت، بارزانی بە پێویستی زانی كە ئاسوورییەكان لە شۆڕشەكەیدا بەشداری پێبكات، ئەوەش لەلایەكەوە بۆ بەدەستهێنانی ژمارەیەكی زۆرتر لە هێزی مرۆیی و بەتایبەتیش ئاسوورییەكان كە بەجەنگاوەری بەهێزو ئازاو چاونەترس ناسرابوون، لەلایەكی دیكەشەوە بارزانی هەوڵیداوە لەڕێگەی بەشداری پێكردنی مەسیحییەكان لە شەڕی دژ بە حكومەتی عێراق، سەرنجی وڵاتانی جیهان بۆ شۆڕشەكەی رابكێشێت، بۆ ئەو مەبەستە بارزانی لەسنووری بەرواری باڵا پەیامێكی ئاڕاستەی ئاسوورییەكان كردووەو داوای لێكردوون كە وەك پێشمەرگە بەشداری لە جوڵانەوەكەدا بكەن، یان بەشێوەی لۆجستی هاوكاری شۆڕش بكەن، بەتایەتی لە دابینكردنی چەك و پێداویستی سەربازیدا، (جۆرج مالك)ی باوكی مارگریت كە لەو كاتەدا رەئیس عورەفای پۆلیس و بەرپرسی بنكەی پۆلیسی (كانی ماسێ)بووە، یەكێك بوو لەو كەسانەی كە هەرزوو پەیوەندی بە شۆڕشەوە كردووەو یەكەم خزمەتیشی بۆ بارزانی گەیاندنی زانیارییە نهێنییەكانی تایبەت بە هێزە چەكدارەكانی سەربە دەوڵەت بوو بۆ بارزانی، دوابەدوای ئەوەش ژمارەیەكی بەرچاو لە پۆلیسە ئاسوورییەكان لەڕێگەی ئەوەوە پەیوەندییان بە شۆڕشی ئەیلولەوە كردووە(Benjamen, 2022: 88-92)، كە بێگومان ئەمەش لەسەرئاستی كوردستان بووەتە دیاردەو دواتریش لەنێو جەماوەری كوردستاندا شۆڕشی ئەیلول بەشۆڕشی پۆلیس ناسراوە، چونكە لە زۆربەی شاروشارۆچكەكانی كوردستاندا پۆلیسەكان بە خۆیان و چەك و پێداویستییەكانیانەوە چونەتە نێو شۆڕش و شانبەشانی پێشمەرگە رووبەڕووی دەسەڵاتدارانی عێراق بوونەتەوە(مەلازادە، 2021: 10)، ئەم پێشهاتانەش بوون بەهۆی ئەوەی كە سوپای عێراق و خێڵە كوردە بەكرێگیراوەكانی سەربەدەوڵەت و نەیاری بارزانی، پەلاماری گوندو ناوچەكانی سنووری دهۆك و ئامێدی بدەن، كە جگەلەوەی دانیشتوانی ناوچەكە بەكوردو ئاسوورییەوە رووبەڕووی كوشتن وراوەدونان بوونەتەوە، لە هەمانكاتدا ژمارەیەك گوندی ناوچەكەش رووبەڕووی تاڵانی و خاپووركردن بوونەتەوە ( Benjamen,

88-92 :2022)، هەر بۆیە لە کۆتایی ساڵی 1961دا جۆرج مالك هەواڵ بۆ مارگرێت دەنێرێت کە گوندی دورێ بەجێ بێڵێت و خۆی بگەیەنێتە لای باوکی، ئەمەش سەرەتای پەیوەندیکردنی مارگرێتە بە شۆڕشی ئەیلولەوە، کە لەسەر داواو خواستی باوکی بەمەبەستی پاراستنی گیانی کچەکەی بانگهێشتی ناوچەی بارزانی کردووە، تەنانەت هەر ئەویش رەزامەندی بارزانی بۆ بە پێشمەرگەبوونی مارگرێت بەدەستهێناوەو هەرخۆشی مەشق و ڕاهێنانی سەربازی و هونەری بەکارهێنانی چەکی فێر کردووە(بیت شموئیل، 2003)، ئەم رووداوەش بوەتە هۆکارێك تاکو شەرەفی نازناوی یەکەم ژنە پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول بەمارگرێت ببەخشرێت و ببێتە جێی سەرنجی تەواوی شۆڕشگێرانی کوردستان و تەنانەت زۆربەی رۆژنامەنوس و بیانییەکان کەسەردانی کوردستانیان کردووە.

هەر لەسەرەتاوە مارگرێت وەك پاڵەوانێکی نیشتیمانی و جەنگاوەرێکی ئازاو چاونەترس ناوبانگی لە تەواوی کوردستانی عێراق بڵاوبۆتەوەو بەشداری زۆربەی شەڕو چالاکییە پارتیزانییەکانی کردووە(قەرەداخی، 2018: 68)، بەتایبەتی بەشداریکردنی مارگرێت لەشەڕی گەلی زاوێتە، دەنگدانەوەیەکی بەرفراوانی لەسەر ئاستی ناوچەکە هەبووە، ئەم بەشداریکردنەش کاریگەری لەسەر سروشت و ناسنامەی شۆڕش و جوڵانەوەکە درووست کردووە، چونکە بەشێوەیەکی گشتی دەسەڵاتدارانی عێراق هەوڵی شێواندن و لەکەدارکردنی شۆڕشی ئەیلولیان داوەو وەك گروپێکی چەکداری یاخی ناو هێنراون، بەڵام بەشداریکردنی مارگرێت لەو شۆڕشەدا فۆرمی شۆڕشەکەی بۆ نیشتیمانی گۆڕیوە، چونکە ئەو توانیوێتی لە سێ رەهەندی جیاوازەوە سروشتی شۆڕشەکە بگۆڕێت، یەکەم مارگرێت یەکەم پێشمەرگەی ژن بووە، کە شانبەشانی پیاوان چەکی پێبووەو بەکردارەکی بەشداری لە شەڕی پارتیزانیدا کردووە، کە ئەمەش خۆی لەخۆیدا هەوڵێداوە جیاوازی ڕەگەزی(جێندەر) نەهێڵێت و تواناو لێهاتوویی ژنان بخاتەڕوو، دووەم مارگرێت لەڕووی نەتەوەوە لەکورد جیاوازبووە، ئەگەرچی هەندێك لە سەرچاوەکان رەچەڵەکی ئاسوورییەکان بۆ کورد دەگەڕێننەوە بەکوردیان دەزانن، بەڵام لەڕاستیدا ئاسوورییەکان پێکهاتەیەکی ئاینی و نەتەوەیی سەربەخۆن ودەکرێت بڵێن کە لەکوردەوە نزیکن وخاڵی هاوبەشیان زۆرە، هەربۆیە بوونی رەگەزی غەیرە کوردو غەیرە پیاو لەنێو شۆڕشەکەدا گرنگی وبایەخی خۆی هەیە، رەهەندی سێیەم وکۆتایی ئەوەیە کە مارگرێت لەگەڵ ئەوەی ژن بووەو لە رووی نەتەوەیشەوە کورد نییە، لەهەمانکاتدا لە رووی ئاینیشەوە جیاوازەو کرستیانییە، کەئەمەش خاڵی بەهێزی شۆڕشی ئەیلول بووە، کە بەهۆی بوونی پێکهاتەی مەسیحی و ئێزدییەکانەوە، بووەتە جێگەی سەرنجی وڵاتانی رۆژئاو هۆکارێکیش بووە بۆ بەرەوابینینی داواکارییەکانی شۆڕشەکە.

بەشێوەیەکی گشتی قورسایی خەبات و بەشداریکردنی مارگرێت لە شەڕو چالاکییە سەربازییەکاندا بۆ ساڵانی سەرەتای شۆڕشەکە دەگەڕێتەوە، کە لەچوارچێوەی هێزو بەتالیۆنەکانی هەریەکە لە (حەسۆمیرخان دۆڵەمەڕی، مەلا شینی، عەلی خۆشەوی، ئەبوو لەیلا، ..)دا وەك پێشمەرگە بەشداری چالاکی و هەڵمەتە سەربازییەکانی وەك(شەڕی گەلی زاوێتە، گەلی ناسی لە مانگێش، لۆمانا، ..)ی کردووە، کە تیایدا توانیوێتی ئازایەتی و چاونەترسی خۆی بسەلمێنێت و ببێتە جێگەی سەرنجی سەرکردایەتی شۆڕش و تەنانەت دەسەڵاتدارانی حکومەتی قاسمیش(ختاری، 2022: 58-59).

بەشێوەیەکی گشتی ناوچەکانی بادینان لە ماوەی شۆڕشی ئەیلولدا ناوچەی گەرمی شەڕوپێکدادانە سەربازییەکان بوون و چەندین داستان و چالاکی لەبەرژەوەندی سەرکردایەتی شۆڕش تیادا تۆمارکراوە، ئەمەش راستەخۆ کاریگەری ئەرێنی لەسەر رەوڕەوەی شۆڕشەکە درووست کردووەو بەرەو قۆناغێکی پێشکەوتووی بردووە، بەتایبەتیش لەلایەکەوە نیگەرانی خەڵکی کوردستان و شۆڕشگێڕانی لەبارەی چارەنووسی خەباتی چەکداری کەمکردەوە، لەلایەکی دیکەشەوە زەمینەی پەرەسەندن وگەشەپێدانی هەستی نەتەوایەتی و نیشتیمانی لای تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردی زیاتر کردو شەپۆلێکی فراوانتر لە خێڵ و بنەماڵەکان بە کوردو کلدو ئاسوورییەکانیشەوە بەشدارییان لە شۆڕشەکەدا کرد.

سەرەڕای ئەوەی گەلی زاوێتە لە رووی ستراتیجییەوە بۆ سوپای عێراق گرنگ بوو، لەهەمانکاتیشدا دەستبەسەرداگرتنی ئەم ناوچەیە بۆ مەعنەویاتی سوپا گرنگ بووە، هەربۆیە هێزێکی هاوبەشی فراوانیان لە سوپاو پۆلیس و هێزە خێڵەکییە بەکرێگیراوەکان(جاش)، بە پاڵپشتی تانك و تۆپ و فرۆکەی جەنگی ئاراستەی ناوچەکە کردووە(عبد مراد، 2021: 102)، لە بەرامبەریشدا بایەخی گەلی زاوێتە بۆ سەرکردایەتی شۆڕش لەوەدا کورت نەبۆتەوە کە تەنها زیانگەیاندنی گیانی بێت بە سوپاو جاشەکانی سەربە دەوڵەت، بەڵکو کۆنترۆڵکردنی ئەو ناوچەیە دەبووە هۆی گرتن و کۆنترۆڵکردنی رێگای سەرەکی(دهۆك، زاوێتە، سەرسەنگ، ئامێدی)، بەمەش زەبرێکی گەورە لە حکومەتی عێراق دەدراو لایەنی مەعنەوی شۆڕشگێرانیشی پێ بەرزدەبۆوە، هەربۆیە لەبەرامبەر ئامادەکارییەکانی حکومەت، سەرکردایەتی شۆڕش هێزی پێشمەرگەی بۆ حەوت قۆڵی سەرەکی دابەش کردووە، کە یەکێك لەوانە هێزێك بوو بەسەرکردایەتی حەسۆمیرخان دۆڵەمەڕی بۆ قۆڵی رۆژهەڵاتی زاوێتە(هێرش، 2001: 19)، کە مارگرێت پێشمەرگەی ئەم هێزە بووەو بە چەکی (بڕنەو) شەڕی مەیدانی لە دژی هێزە هاوبەشەکەی حکومەتی قاسم کردووە. لەو بارەیەوە مەسعود بارزانی لە کتێبەکەیدا ئاماژە بە زیانەکانی حکومەت دەکات کە

تیایدا (600) کوژراو و (500)یەخسیریان هەبووە(بارزانی، 2012، ج3: 58)، لەبەرامبەریشدا (4)کەس لە هێزەکانی پێشمەرگە کوژراوەو (5)پێشمەرگەشیان بریندار بوون(عبد مراد، 2021: 104). جگەلەوەش بەو پێیەی کە جۆرج مالکی باوکی مارگرێت شارەزای تەقینەوەو بۆمب دانان بووە، لەگەڵ مارگرێت و دەستەیەك پێشمەرگەی دیکە بەسەرکردایەتی (ملاشنی)بۆ ئۆپەراسیۆنی تەقاندنەوەی پردو رێگاسەرەکییەکانی گەلی زاوێتە ڕاسپێراون و توانیویانە سەرکەوتوانە کارەکە ئەنجام بدەن(ختاری، 2022: 59)

پاشان لە هەفتەی کۆتایی کانونی یەکەمی 1961دا پێشمەرگەکانی شۆڕشی ئەیلول لەشەڕەکانی گەلی ناسی و لۆماناو سوارە توکەدا سەرکەوتنی بەرچاویان بەدەست هێنا(هێرش،2001: 19)، کە بێگومان مارگرێت لە سەرجەم ئەو شەڕانەدا بەشداربووە، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت زۆربەی سەرچاوەکان خۆیان لەباسکردنی وردەکاری رۆڵی مارگرێت لەم شەڕانەدا بەدوور گرتووە، بەڵکو تەنها لە هەندێك یاداشت و بیرەوەریدا ئاماژە بەڕۆڵی ئەو دەدرێت و وەك نیشانشکێنێکی بەتواناو فەرماندەی پەل ناوی دەهێنن، سەبارە بە رۆڵی مارگرێت رۆژنامەنوسی ئەمریکی دانا ئادەمز شمدت دەڵێت" بۆ یەکەمجار ناوبانگی مارگرێتم لە ئەسعەد خۆشەوی بیست، کە کچێکی کلدانی مەسیحیی لەدوای هێرش و پەلاماری جاشەکان بۆ سەر گوندەکەیان، پەیوەندی بە شۆڕشەوە کردووەو فەرماندەی دەستەیەك پێشمەرگە بووە لە ناوچەی ئاکرێ" (شمدت، 1999: 231-232)، کە بێگومان ئەمەش بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ گەواهی فەرماندەیەکی باڵای وەك ئەسعەد خۆشەوی دەردەخات سەبارەت بە خەبات و بەشداریکردنی مارگرێت لە شۆڕشی ئەیلولدا، بەڵام شمدت لەوەدا بەهەڵەداچووە کە مارگرێت بە کلدانی ناودەبات، چونکە لە بنەڕەتدا مارگرێت ئاسووریيەو شوێنکەوتەی کەنیسەی رۆژهەڵاتن.

هاوکات لە چاوپێکەوتنێکدا کە داود مراد ختاری لەگەڵ یەکێك لە پێشمەرگەکانی شۆڕشی ئەیلول بەناوی(رمزان سعید علی کەمەکی)ئەنجامیداوە، بەئاشکراو وەك ئەفسانەیەك باس لە رۆڵ و بەشداری مارگرێت دەکات و دەڵێت" مارگرێت شەڕکەرێکی ئازابوو، توانای سەرکردایەتی هەبوو، بەتایبەتی کاتێك کە هێزەکانی سوپاو جاش لە ساڵی 1963 بەرەو گوندی (راس العین) لە ناوچەی ئاکرێ پێشرەوییان کردو هەوڵیاندا گوندەکە بسوتێنن و ئاژەڵەکانیان تاڵان بکەن، هێزی پێشمەرگە ئازایانە رووبەڕوویان وەستانەوە، کە لەو شەڕەدا ژمارەیەك پێشمەرگە بەسەختی برینداربوون، گەربێت و مارگرێت نەبوایە بەبرینداری دەکەوتینە دەست رژێمی فاشی عێراقی، چونکە بەهاناوەهاتنی مارگرێت بووەهۆی دەربازبوونمان و بەرزکردنەوەی مەعنەویاتی پێشمەرگەو بەوهۆیەشەوە لەماوەیەکی کورتدا پەلامارەکە شکستی پێهێنرا"(ختاری، 2022: 60).

هاوکات لەبارەی ئازایەتی مارگرێت، فیکتۆریا گۆرگیس دەڵێت" هەربەڕاستی مارگرێت یەکێك بوو لە تێکۆشەرەکانی نێو چیاکانی کوردستان، بیرم دێت لە ساڵی 1964، کاتێك مارگرێت سەرپەرشتی ژمارەیەك پێشمەرگەی دەکردو بۆ شەڕی دوژمن بەرەو بەرواری باڵا دەچوون، فرۆکە جەنگییەکان بەچڕی بۆردومانی ناوچەکەیان دەکرد، بەڵام مارگرێت بەبێ ترس و بەوپەڕی ئازایەتییەوە بەسەر ئەسپەکەیەوە دەیگوت(مەترسن!!!کەس هەیە لە باڵندەی ئاسمان بترسێت)، کە مەبەستی فرۆکە جەنگییەکان بوو"(ختاری، 2022: 59)، لەهەمانکاتدا هەندێك لە سەرچاوەکان پێیانوایە کە بەشداری مارگرێت لەو شەڕە سەختەکاندا دەنگدانەوەیەکی گەورەی بە شۆڕشەکە بەخشیوەو هانی ئافرەتانی دیکەی داوە کە وەك پێشمەرگەی ژن بەشداری لە شۆڕشەکەدا بکەن(Donabed,2015:151)، تەنانەت ناوبانگی مارگرێت لەو کاتەدا سنوری کوردستانی عێراقی تێپەڕاندووەو بەتایبەتی کوردەکانی سووریا سەرسام بوون بە ئازایەتیەکانی و زۆربەی گەنجان بەشانازییەوە وێنەی مارگرێتیان هەڵگرتووە(ختاری، 2022: 59)، لەبەر ڕۆشنایی ئەو زانیارییانەی خرانەڕوو دەکرێت بروا بەوە بهێنرێت کە مارگرێت ژنێکی ئازاو سەرکێش وچاونەترس و بە هەڵپە بووە، بەڵام رێی تێدەچێت بەشێك لەو گێڕانەوانە زیادەڕۆیی تیاکرابێت و لەژێرکاریگەری هەست و سۆزدا خرابنەڕوو.

جێگەی سەرنجە کە لەگەڵ ئەوەی تاڕادەیەکی زۆر کۆدەنگی هەیە لەسەر ئەوەی مارگرێت یەکەم پێشمەرگەی ژن و رێچکە شکێن و سیمبولی بەشداری ژنان بووە لە شۆڕشی ئەیلولدا، بەڵام پێویستە ئەوەش بخرێتەڕوو کە مارگرێت تاکە ژنی نێو شۆڕش نەبووە، بەڵکو لە دوای ئەو کۆمەڵێك لە ژنانی شارو شارۆچکە جیاوازەکانی کوردستانی عێراق وەك پێشمەرگە بەشدارییان لە شۆڕشی ئەیلولدا کردووە، لەوبارەیەوە پەرژین ئەحمەد لە توێژینەوەکەیدا سەبارەت بە رۆڵی ئافرەت لە بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورددا، ئاماژە بە بەشداری ژنانی ناوچە جیاوازەکان دەکات و پێیوایە کە سەرەڕای ئەوەی ژمارەیان کەم بووە، بەڵام ژنان سەرەتا لە ڕێگەی رێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە، تێکەڵ بە کاری سیاسی بوون و پاشان پەیوەندییان بە شۆڕشەوە کردووەو تێکەڵ بە خەباتی چەکداری بوون، لەو چوارچێوەیەشدا سەبارەت بە ڕۆڵ و پێگەی پێشمەرگە ژنەکان دەڵێت" هەندێك لە ئافرەتەکان بە پارەی خۆیان چەکیان کڕیوەو بەشداری شۆڕشیان کردووە"(ئۆمەربلی، 2023: 185-187).

سەبارەت بە ڕۆڵ وبایەخی پێشمەرگە ژنەکانی شۆڕشی ئەیلول مەسعود بارزانی دەڵێت" ئەگەر ئەو ئیرادە بەهێزەی ئافرەتانی کوردستان نەبوایە، ڕەنگە شۆڕشی ئەیلول نەیتوانیایە خۆی بگرێت، چونکە هەموو ئیعتیمادەکە لەسەر میللەت بوو، میللەتیش بەڕاست یانی ئافرەت"(بارزانی، ب1، 2014: 251)، سەبارەت بە خودی مارگرێتیش بارزانی دەڵێت" مارگرێت جۆرجی کیژە ئاشووریش لە شۆڕشی ئەیلولدا چەکی هەڵگرت و هاتە ریزی شۆڕشەوەو بوو بە پێشڕەوی چاولێکەری کیژانی کوردستان"(بارزانی، ج3، 2012: 55) .

هاوکات پێویستە ئەوەش بخرێتە ڕوو کە مارگرێت تاکە مەسیحی نێو پێکهاتەکانی کوردستان نەبووە کە بەشداری لە خەباتی چەکداری نێو شۆڕشی ئەیلولدا کردبێت، بەڵکو مەسیحییەکانی کوردستان شوێنگەو بەشدارییەکی بەرفراوانیان لەو شۆڕشەدا هەبووەو ژمارەیەکی بەرچاویان شان بەشانی کورد بەشدارییان لە پرۆسە سەربازییەکاندا کردووە، تەنانەت جێگەی متمانەی مستەفابارزانی بوون و بەرپرسیارێتییە هەستارەکانیان پێسپێراوە، لەو بارەیەوە (هورمز مەلك چكو) یەکێکە لەو کەسایەتییە مەسیحییە ئاسووریانەی کە لەسەرەتای شۆڕشی ئەیلولەوە فەرماندەیەکی ئازاو دڵسۆزی شۆڕشەکە بووە، ئەو لە ساڵی 1932 لە گوندی(کوریت کافانا)ی سەربە شارەدێی زاوێتە لە دایك بووەو سەرۆکی خێڵی (تیاری)ە کەیەکێکە لە خێڵە گەورەکانی ئاسوورییەکان(Benjamen,2022:91)، هورمز مەلك چكو ئەو ڕاستییەی لەبەرچاوگرتووە کە هەردوو گەلی کوردو ئاسووری لە عێراقدا یەك چارەنوسیان هەیەو وەکو یەکیش دەچەوسێنرێنەوە، لەهەمانکاتدا لەژێر کاریگەری هەستی پەرۆش بوونی بۆ خەباتی کوردو پرسە رەواکەی، بەوپەڕی بڕوابەخۆبوونەوە لە ساڵی 1962 پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلولەوە کردووەو بەشداری چەندین شەڕو ڕووبەڕووبونەی چەکداری کردووە، کاتێکیش کە لە ئازاری هەمان ساڵدا لە گوندی(ڕێزان) چاوی بە مستەفا بارزانی دەکەوێت، داوای ئەوەی لێدەکات کە رەزامەندی بدات لەسەر پێکهێنانی هێزێکی تایبەت بە ئاسوورییەکان لە چوارچێوەی پارتی دیموکراتی کوردستان و شۆڕشی ئەیلولدا، هەروەك ڕاستەوخۆ بە بارزانی وەتووە" ئەمەوێت هێزێکی تایبەت بە مەسیحییەکان پێکبێنم و بارەگای تایبەت بەخۆشمان هەبێت"، لەبەرامبەر ئەم داواکارییەشدا دەستبەجێ بارزانی رەزامەندی خۆی دەردەبرێت و داوا لە هەریەکە لە (حەسۆ میرخان و عەلی خەلیل خۆشەوی) دەکات کە لەرووی چەك و پێداویستی لۆجستییەوە هاوکاری مەسیحییەکان بەگشتی و چکۆ بەتایبەتی بکەن، ئەوەبوو مەلك چکۆ توانی لە ماوەیەکی کەمدا بەتالیۆنێك لە هێزی پێشمەرگە پێکبێنێت کە لە قۆناغی سەرەتادا لە (80) پێشمەرگەی مەسیحی پێکهاتبوون و بارەگای هێزەکەشیان لە گوندی (سیتکی)بووە(الرديني، 2010، 18-20).

جێگەی ئاماژەپێکردنە کە ئەم هێزە پێشمەرگەیە وەك بەشێکی جیانەکراوە لە کوردو لە چوارچێوەی شۆڕشی ئەیلولدا بەشداری زنجیرەیەك داستان وشەڕی پارتیزانیان لە دژی حکومەتە یەك لەدوایەکەکانی عێراق کردووە، بەتایبەتی شەڕو چالاکییەکانی(دەستبەسەرداگرتنی بنکەی تەندرووستی و پۆلیسی تەلسقوف لە پایزی 1962، پەلاماردانی خاڵی پشکنینی موصڵ کە ببونە هۆی هەراسانکردنی خەڵکی ناوچەکە، شەڕی چیای ئەلقوش لە پایزی 1962،شەڕی پیرەکەپرا حوزەیرانی 1962، شەڕی شوش وشەرمن، شەڕی ئالوکا لە 1ی کانونی یەکەمی 1963)، کە جگە لەوەی کۆتاییان کە خودی هورمز مەلك چکو تیایدا بووەتە قوربانی، لەسەرجەم شەڕو چالاکییەکانی دیکەدا سەرکەوتنی بەرچاویان بەدەست هێناوەو بوونەتەهۆی درووستکردنی ترس و دڵەراوکێ بۆ سوپاو لایەنگرانی دەوڵەت(الرديني، 2010، 25-30).

ئەوەی جێگەی سەرنج وهەڵوەستە لەسەرکردنە ئەوەیە کە مارگرێت لەنێو هێزە تایبەتە مەسیحییەکەی مەلك چکۆدا نەبووەو جگەلە شەڕی شوش و شەرمن، لەگەڵ ئاسووریەکانی ئەو هێزەدا بەشداری چالاکییە پارتیزانییەکانی نەکردووە، بەپێچەوانەوە لەو هێزانەدا بەشداریکردووە کە فەرماندەکانیان کوردبوون، بەتایبەتیش(حەسۆ میرخان و مەلا شنی و عەلی خۆشەوی ..)، ئەمەش لەکاتێکدایە کە ئێمە وەك توێژەر سەرەڕای هەوڵدانێکی زۆر، بەڵام بەو نهێنییە نەگەیشتین کە ئایا مارگرێت خۆی نەیویستووە لەگەڵ هێزەکەی هورمز مەلك چکۆ بەشداری بکات، یاخود ئەوان نەیانویستووە، چونکە گومانی تیانییە کە ئاسوورییەکان چ سەرۆک خێڵەکانیان و چ پیاوانی ئایینیان، بەشداریکرنی مارگرێتیان وەک تاقانە پێشمەرگەو تێکەڵبوونی بە پیاوان، بە درووست و گونجاو نەزانیوە، هەربۆیە رێگەی تێدەچێت کە هێزە تایبەتییەکەی مەسیحییەکان بە مارگرێت خۆشحاڵ نەبوبێتن، لەبەرامبەریشدا ئەبێت ئەوە لەبەرچاوبگرین کە مارگرێت و باوکی لەلایەن خودی بارزانی و فەرماندە باڵاکانی شۆڕشی ئەیلولەوە سەنگ وپێگەی خۆیان هەبووەو تەنانەت لەلایەن خودی (شێخ ئەحمەدی بارزان)ەوە رێزلێگیراوبوون و هەر ئەویش نازناوی (سەرفراز)ی پێبەخشیوە، لەوبارەیەوە رۆز جۆرجی خوشکی مارگرێت ئاماژە بەوە دەکات کە(شێخ ئەحمەدی بارزان) لە ناوچەی بارزان و لەبارەگای سەرەکی خۆی لە چیای شیرن، پێشوازی لە خۆی و مارگرێت کردووەو لە میوانخانە تایبەتییەکەی خۆی چاوی بە مارگرێت کەوتووە، کە ئەمەش لەکاتێکدابووە کە بەهۆی پێگەی ئاینی شێخەوە هیچ ژنێکی بێگانە لەو میوانخانەیەدا پێشوازی لێنەکراوە"(ختاری، 2022: 92-93)، هەر بۆیە رێگەی تێدەچێت کە لەبەرامبەر ئەو سەنگ وپێگەیەی لای کورد هەیان بووە، نەچوبێتنە نێو هێزە تایبەتەکەی مەسیحییەکانەوە، جیاواز لە هەموو ئەو ئەگەرانەی خرانەروو،

رەنگە مارگرێت بەهۆی موسای هاوسەرێوە خۆی لە هێزەکەی هورمز چکۆ بەدوور گرتبێت، چونکە جگەلەوەی موسا نوسەرو یاریدەدەری چکۆبووە، لەهەمانکاتدا لە زۆربەی چالاکییە پارتیزانییەکانیشدا یاوەری چکۆ بووە (Benjamen,2022:102).

هاوکات مارگرێت جۆرج کارکردنی لەنێو حزبە ئاسوورییەکانیشدا رەتکردۆتەوەو پێی باش بووە لە نێو پارتی دیموکراتی کوردستان و لەچوارچێوەی شۆڕشی ئەیلولدا خزمەت بە دۆزی ئاسوورییەکان بکات، بەتایبەتیش دوای ئەوەی کە شۆڕشی 14ی تەموزی 1958 جۆرێك لە ئازادی سیاسی هێنایەکایەو دەرفەتی بۆ کوردو سەرجەم پێکهاتە ئاینی نەتەوەییەکانی عێراق ڕەخساند تاکو بتوانن کۆمەڵەو پارتی سیاسی دابمەزرێنن، لەو چوارچێوەیەشدا کۆمەڵێك لە گەنجانی ئاسووری کە ژمارەیان لە (١٠)کەس پێکهاتبوو، لە ساڵی ١٩٦٠ داواکارییەکیان بەمەبەستی دامەزراندنی کۆمەڵەیەکی رۆشنبیری ئاسووری پێشکەش بە وەزارەتی ناوخۆ کردووە، بەڵام بەبیانووی ناڕۆشنی پەیرەو پرۆگرامی کۆمەڵەکە، دەسەڵاتدارانی حکومەت رەزامەندییان لەسەر داواکارییەکە نەداوە(مخو، 2023: 127)، هەربۆیە ئەم (دە)کەسە لە ساڵی 1961 بڕیاریاندا بزوتنەوەیەکی سیاسی نهێنی لە ژێر ناوی (یەکێتی و ئازادی ئاشووری- خیث خیث الب 2) دابمەزرێنن، کە یەکێك لە ئامانج و داواکارییە سەرەکییەکانی ئەم بزوتنەوەیە بەدیهێنانی مافی نەتەوەیی ئاسوورییەکان و داننان بوو بە ئاسوورییەکان وەك نەتەوەیەکی رەسەن لە عێراقدا(Donabed, 2010:90) .

پاشان ئەم بزوتنەوەیە بەمەبەستی فراوانکردنی رێکخستنەکانی و راکێشانی کەسایەتییە دیارەکان بەلای خۆیاندا، پەیوەندییان بە مارگرێت و هەریەکە لە فرانسۆ حەریری و هورمز مەلك چکووە کردووە، تاکو ریزەکانی بزوتنەوەی کوردی جێبێڵن وپەیوەندی بە رێکخستنی ئاسوورییەکانەوە بکەن، بەڵام ئەوان سەرەڕای دەربڕینی خۆشحاڵی خۆیان و پیرۆزباییان بۆ دامەزرێنەرانی بزوتنەوەکە، ئامادە نەبوون ریزەکانی بزوتنەوەی کوردی جێبێڵن، بەڵکو پێیانباشتربووە لەنێو شۆڕشی ئەیلولدا پشتگیری لە بزوتنەوەی ئاسووری بکەن و بەڵێنیشیانداوە چەند لە توانایاندا بێت هاوکارو یارمەتیدەری(یەکێتی و ئازادی ئاشووری- خیث خیث الب 2)بن(مخو، 2023: 129).پێدەچێت ئەم هەڵوێستەیان لەوەوە سەرچاوەی گرتبێت کە لەلایەکەوە باوەڕی تەواویان بەڕەوایەتی دۆزی کوردی هەبوبێت و دڵنیایی زیاتریان لە بزوتنەوەی کوردی بەدی کردبێت، لەهەمانکاتدا دەکرێت مارگرێت و ئەوانی دیکەش بەو پێگە ماددی ومەعنەوییە رازی بوبێتن کە لەنێو شۆڕشگێرانی کورد هەیانبووە.

جیاواز لە دیدو تێڕوانینی بزوتنەوەی(خیث خیث الب 2) کە زیاتر ئایدۆلۆجیای نەتەوەیی پێوە دیار بووەو هەوڵیانداوە مەسیحییەکانی لە نێو بزوتنەوەی کورد دووربخەنەوە، لە 15ی تشرینی یەکەمی 1968دا رەوتێکی نوێی ئاسووری لەژێر ناوی (رێکخراوی یەکێتی نەتەوەیی ئاشووری- تنظیم الاتحاد القومي الاشوري) لە شاری بەغداد بەشێوەی نهێنی دامەزرا، کە سەرەڕای ئەوەی داوای بەدیهێنانی مافی ئۆتۆنۆمییان بۆ ئاسوورییەکان دەکرد، لەهەمانکاتدا لە پەیوەندییەکی تەندرووست ودۆستانەیان لەگەڵ بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردیدا هەبووە (مخو، 2023: 132-134).

هاوکات ئاسوورییەکان جگە لە لایەنی چەکداری، لەسەر ئاستی چین وتوێژە جیاوازەکانیش پەیوەندییان بە شۆڕشی ئەیلولەوە کردووەو پێیان وابووە کە دەتوانن خزمەت بە دۆزی کورد بەگشتی و ئاسووری بەتایبەتی بکەن، لەو بارەیەوە پیاوانی ئاینی هەرلەسەرەتای شۆڕشەکەوە بەشدارییان کردووە، لەوانە هەریەکە لە(مەتران ماریوئالاهای بەرواری و قەشە پوڵس بیداری و یونان هورمز)، کە تا ڕادەیەکی زۆ بۆ شەرعییەتدان بەشۆڕش و پەیوەندیکردن پێیەوە بایەخیان هەبووە، جگەلەوەش ژمارەیەك لە رۆشنبیرو ئەکادیمی و پزیشکانی ئاسووری پەیوەندییان بە شۆڕشی ئەیلولەوە کردووەو خۆبەخشانە خزمەتیان بە دۆزی رەوای کورد کردووە، بەتایبەتیش(دکتۆر حیکمەت، ئەورو..) نمونەی دیاری ئەو کەسانەن، کە ژیان و بەرژەوەندی خۆیان لەپێناو دۆزی کورددا خستۆتە مەترسییەوە(مخو، 2023: 141-142)، ئەمەش لەکاتێکدایە کەلەو قۆناغەدا سەرکردایەتی شۆڕش بەفەرمی داوای هاوکاری لە توێژی پزیشکان کردووە کە لەناوچە ئازادکراوەکاندا خزمەتی شۆڕش و پێشمەرگە برینداەرکان بکەن، بەڵام کەم کەس هەبووە دەستبەرداری بەرژوەندییەکانی خۆی بێت و ئایندەی خۆی و خێزانی بخاتە مەترسییەوە(یوسفی، 2021: 23).

لەماوەی دانوستانەکانی نێوان سەرکردایەتی شۆڕش و حکومەتی عێراق بەسەرکردایەتی موشیر عەبدولسەلام لە ساڵی 1964دا، مارگرێت و باوکی بۆ ماوەیەک بادینان جێدەهێڵن و لە شارۆچکەی رانییە نیشتەجێدەبن، کە بەپێی بیرەوەرییەکانی دزەیی بێت مەبەستیان بووە لە" لە ناوەندی جموجۆڵی سیاسی نزیك بن و ئاگاداری شتبن"(دزەیی، 2022،ب2: 255)، هاوکات لە گەشتێکی کورتیشدا سەردانی شاری سلێمانی کردووەو لە لایەن خەڵکی شارەکەوە پێشوازی گەرمی لێکراوەو میوانی شێخ لەتیفی شێخ مەحمود بووە(رۆز جۆرج، 2023)، کە بەبڕوای ئێمە نیشتەجێ بوونیان لەم ناوچەیەدا سەرەتای نزیکبوونەوەی مارگرێت بووە لە باڵی مەکتەبی سیاسی کە لەو قۆناغەدا لەگەڵ مستەفا بارزانی سەرۆکی حزبدا لە ململانێدابوون، کە بێگومان ئەمەش هێڵی سوور بووەو کاریگەری نەرێنی لەسەر مارگرێت درووست کردووە.

پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە لە دوای بەشداریکردنی مارگرێت لە کۆمەڵێك شەڕی پارتیزانی و دەنگدانەوەی ناووناوبانگی ئەو لە کوردســـتانی عێراقدا، بەهۆکارێکی نەزانراو لەلایەن ســـەرکردایەتی شـــۆڕشـــەوە مارگرێت بەناوی مۆڵەت پێدانەوە لەبەرەکانی شـــەڕ دوورخراوەتەوەو ناچار کراوە لەگوندی دوریَ نیشـــتەجێ ببێت(رۆز جۆرج، 2023)، لەو بارەیەوە رێنییە مۆریس ئاماژە بەوە دەکات کەزۆر بەپێویستی زانیوە چاوی بە مارگرێت بکەوێت، بەڵام جگەلەوەی کاتێکی زۆری پێویست بووە بۆ ســـەردانکردنی ئەو ناوچەیە، لەهەمانکاتدا پێیانڕاگەیاندووە کە مارگرێت توشـــی نەخۆشـــی ئاوڵەی پێســـت بووەو بۆ چارەســەرکردنی نەخۆشــییەکەی لە ژوورێکی تەنهاکەســیدا دەژی و کەس نابێت بیبینێت(مۆریس، 2008: 161)، کە بە بڕوای ئێمە بڵاوکردنەوەی ئەو زانیارییە تەها بۆ پەراوێزخستنی مارگرێت و دوورخستنەوەی بووە لە رۆژنامەنوس و بیانییەکان.

**چوارەم: کۆتایی ژیان و رووداوی تیرۆرکردنی مارگرێت.**

مارگرێت لە بەرەبەیانی رۆژێکی زســتان لە 1969/12/26، لە گوندی قومری خواروو بە چەکی رەشــاش لەکاتی خەوتندا تیرۆر کراوەو زیاترلە(50) فیشەکی پێوەنراوە، ئەم ڕووداوەش بەجۆرێکە کە دوای تێپەربوونی زیاتر لە نیوسەدە هێشتا راستی رووداوەکە هەربە پەنهانی ماوەتەوەو پاڵنەرو هۆکارو ئەنجامدەرەکانی بەتەواوی نەســـەلمێنراون، بەڵام ئەوەی بۆ هەموان ئاشکرایە ئەوەیە کە ئەم شێوە کوشتنە سەلمێنەری ئەو راستیەیە کە بە پلانێکی نەخشە بۆ دارێژراو پرۆسەکە جێبەجێکراوە، نەك رووداوێکی ئاســـایی، هەربۆیە دەکرێت شـــرۆڤەو شـــیکارییەکی ورد لە چەند روویەکەوە بۆ ئەم رووداوە بکرێت و بەشـــێوەی گریمانە بخرێنەروو لەوانە:-

**ئەلیف : کوشـــتن بەبیانوی ئاڵنگاری لەگەڵ کلتووری باو**، ئاشـــکرایە کە ئاســـووریەکانی هەکاری خاوەن کۆمەڵگەیەکی خێڵەکی داخراوی پابەند بەکلتورن و بەتوندی بەئاینەکەیانەوە پابەندن، بەتایبەتیش دەسەڵاتی ئاینی لەنێو نەستورییەکاندا بەمیرات بۆ ئەو بنەماڵەیە ماوەتەوە، هەربۆیە کرانەوەی زیاد لەپێویستی مارگرێت و ئازادی و سەربەستییەکەی، رێگەی تێناچێت هەروا بە ئاسانی بە(پیاوانی ئاینی و سەرۆك خێڵ)ی ئاسوورییەکان قبوڵ کرابێت، لەم دۆخەشدا تیرۆرکردنی مارگرێت دەچێتە خانەی راســـتکردنەوەی لادانی کولتوری، چونکە رەفتارەکانی مارگرێت، تاڕادەیەکی زۆر دژی کلتورو داب و نەریتی خێڵســـالاری هەردوو کۆمەڵگەی کوردی و ئاسووری بووە، ئەمەش لەکاتێکدایە هەندێك لە سەرچاوەکان بە ئاشکرا پەنجەی تاوان بۆ مەتران ماریولا رادەکێشن، کە ئەو فەرمانی کوشتنەکەی دەرکردووە(ختاری، 2022: 135).

**با: تیرۆری سیاسی**، تیرۆری سیاسی چەمکێکی ئاڵۆزو فرە ڕەهەندەو مەبەست لە ئەنجامدانی سەرکوت کردن و ترساندن و لەناوبردنی نەیارەکانە، لەو بارەیەوە پسـپۆڕی ئەم بوارە ئەلێکس ئیشـمید پێیوایە کە" تیرۆری سـیاسـی بریتییە لە گرتنە بەری شـێوازو ئامرازی تۆقێنەرانە بەمەبەسـتی دروسـتکردنی ترس و تۆقاندن و لەناوبردن"(ئیسـفەهانی و سـالکی، 2016: 29)، هەندێک لە ســەرچاوەکان کوشــتنی مارگرێت بە تیرۆری ســیاســی لەقەڵەم دەدەن(البراك، 1989: 333)، چونکە مارگرێت لە قۆناغێکی زۆر هەســتیارو ناســەقامگیردا لە رانیە لە ســەرکردەکانی باڵی مەکتەبی سیاســی نزیك بووەتەوە، کەلەو قۆناغەدا باڵی چەپڕەوی مەکتەبی سیاسی و باڵی راستڕەوی سەرکردایەتی پارتی لە ترۆپکی ململانێکانیاندابوون، لەم سەربەنەشەوە توێژەرو ئەکادیمیستی ئاسووری ئەڵدا بنجامین پێی وایە کە رێگەی تێدەچێت مارگرێت بوبێتە قوربانی ململانێی نێوان ئەم دووباڵە ناکۆکە، بەتایبەتیش ئەو پێیوایە کە دەشـــێت نزیکبوونەوەی مارگرێت لە جەلال تاڵەبانییەوەو پشـــتگیریکردنی، بوبێتە هۆی لەناوبردنی (Benjamen,2022:101)، هاوکات هەندێك لە ســـەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە بەهۆی ناوبانـگ و ئازایەتییەکەیەوە حکومەتی عێراق پلانی بۆ کوشـــتنی دارشـــتووە، لەو بارەیەوە رینییە مۆریس دەڵێت"حکومەتی عێراق خەڵاتێکی بەنرخی بۆ کوشتنی مارگرێت تەرخان کردبوو، کە هەمان نرخی ئەو خەڵاتەبوو کە بۆ سەری مستەفا بارزانی دوژمنی ژمارەیەکی دەوڵەت تەرخان کرابوو"(مۆریس، 2008: 161)، ئەمەش لە کاتێکدایە کە نوســـەری ســـۆڤێتی ماتفیف بارمتی ئاماژە بەوە دەکات کە مارگرێت بە تۆمەتی ســیخوڕی بۆ ســۆڤێتییەکان، لەلایەن دەزگای هەواڵگری عێراقییەوە تۆمەتبارکراوە(بارمتی، بدون ســنە طبع:148) هەربۆیەرێگەی تێدەچێت ئەم کردەوە تیرۆرستییە لە لایەن دام و دەزگا سیخوڕییەکانی حکومەتی عێراقەوە ئەنجامدرا بێت .

**تا : کوشتن بە بیانووی شەرەف**، بە چاوخشانێکی خێرا بە نێو مێژووی کۆمەڵایەتی کوردو پێکهاتە ئاینی و نەتەوەییەکانی کوردستاندا، بینەری سەدان رووداوی نەخوازراو دەبیت کە بەبیانووی شەرەف و شۆردنەوەی لەکەی کۆمەڵایەتی تاوانی گەورە ئەنجامـدراوە(چـالی، ۲۰۱۲: 58- 59 ؛ ئەســـوەد، 2022: 18-20)، کە بێگومـان ئەمەش بۆ هەژموونی کلتوری خێڵەکی نێرسالاری دەگەڕێتەوە، کە پێیوایە ژن شەرەفی بنەماڵەو خێڵە، لە ئەگەری لادان لە پرەنسیپەکانی خێڵ و بۆ پاککردنەوە شەرەفی بنەماڵە تەنها کوشتن چارەسەرە(الولید، السقا، 2012: 229)، شێوازی کوشتنەکەی مارگرێتیش بەیەکێك لەو ئەگەرانە دادەنرێت، کە بۆ ئەو مەبەســـتە ئەنجامدرابێت، چونکە کۆمەڵایەتی بوونی زیاد لەپێویســـتی مارگرێت و تاقەنەبوونەکەی کە تەنها ژنی

کرستیانی پێشمەرگە بووە لەنێو لەشکرێکی گەورەی پیاودا، چەندین تۆمەتی جۆراوجۆری ئاکاری بۆ درووست کراوە، هەربۆیە پێدەچێت ئەم تاوانە بچێتە چوارچێوەی کوشتن بە بیانووی شەرەف. لەوبارەیەوە ڕێنیە مۆریس لە کتێبەکەیدا دەقی وتەی گەورە پیاوێکی ئاینی مەسیحی تۆمارکردووە کە دەڵێت:"مارگرێت لەناو ئەو چیایانەدا شەو ڕۆژ خۆی لە ناوپیاواندا دەبینی، ئەمەش نەلە ئێمەی مەسیحی و نەلە موسڵمانانیش نەدەوەشایەوە"(مۆریس، 2008: 163)،

بەشێوەیەکی گشتی هەروەك چۆن نەسەلمێنراوە کە کام لەو سێ هۆکارەی کە خرایەڕوو پاڵنەری تیرۆرکردنی مارگرێتە، بەهەمان شێوە ئەنجامدەرەکەشی ئاشکرا نەبووەو تاکو ئێستا بە شاراوەیی ماوەتەوەو هیچ کەسێکیش لەبەرامبەر ئەو تاوانە سزانەدراوە، تەنانەت بۆچوون وگێرانەوەی جیاوازیش لەبارەی چۆنێتی ڕووداوەکە خراوەتەروو، لەو بارەیەوە ئەپلۆگەر خۆشاب کە لەکاتی تاوانەکەدا لەو گوندە بووەو لە دیمانەیەکی تەلەفیزۆنیدا دەڵێت" مارگرێت و جۆرجی باوکی لەگوندی قومری لە خانویەکدا دەژیان، مارگرێت بەباوکی دەڵێت خۆ کەسێك نایەت من بکوژێت!! هەربۆیە بڕۆشوێنێکی دیکە بخەوە، پاشان دوای ئەوە هاتنە سەر مارگرێت و بەرەشاش کوشتیان"(بەرنامەی دۆکیۆمێنتاریJintv)، کە بێگومان ئەمەش تارادەیەك جیاوازە لەگەڵ گێرانەوەی ڕۆزی خوشکی کە ئاماژە بەوەدەکات کەلەو ڕووداوەدا باوکیشی بریندار بووە(ختاری، 2022: 134). بەڵام جێگەی سەرنجە کە خوشاب لە گێرانەوەکەیدا دەڵێت مارگرێت بە باوکی وتووە خۆکەسێك نایات من بکوژێت، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کەلەو کاتەدا مارگرێت و باوکی هەستیان بەوە کردووە کە مەترسیان لەسەرەو پێدەچێت هەڕەشەیان لێکرابێت، چونکە لەو سەروبەندەدا باوکی بەردەوام لەگەڵ کچەکەی بووەو تەنانەت وەك دەردەکەوێت لەهەمان خانووش خەوتوون.

بەگشتی کوشتنی مارگرێت، کوشتنێکی بە ئەنقەست و پلان بۆ دارێژراوبووەو دەچێتە چوارچێوەی تیرۆرەو کە بەشێوەیەکی غەدر غافڵکوژ کراوە، کە بەبروای ئێمە لەنێو ئەو سێ شێوازەی کە خرایەروو، هەرسێکیانی تیا بەدیدەکرێت، بەڵام بەهۆی نەبوونی سەرچاوەو بەڵگەنامەی ڕەسەن و هەستیاری ڕووداوەکەوە، ناتوانین وەکو توێژەرێک هۆکارو ئەنجامدەری تاوانەکە دیاری بکەین.

**تەوەرەی پێنجەم تیرۆری مەعنەوی مارگرێت و پەراوێزخستنی لەنێو سەرچاوەکاندا**

سەرەڕای تیرۆری واقعیانەی جەستەیی مارگرێت و غافڵکوژکردنی بەشێوەیەکی کردارییانە، بەڵام وەك تێبینی دەکرێت لەڕووی مەعنەویشەوە ڕۆڵ و ناسنامەو کەسایەتییەکەی مارگرێت تیرۆر کراوە، بەجۆرێك لەزۆربەی سەرچاوەو بیرەوەری و بەڵگەنامەو تەنانەت توێژینەوە زانستییەکانیش ڕووبەڕووی هەڵواردکردن بۆتەوەو پەراوێزخراوە، ئەم دیاردەیە لەسەر ئاستی هەردوو کۆمەڵگەی کوردی و ئاسوورییەکانەوە وەك یەك بەدی دەکرێت، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا زۆربەی گەڕیدەو ڕۆژنامەنوسە بیانییەکانیش زۆر بە سەرپێیی تەنها لە چوارچێوەی ناوهێناندا ئاماژە بەوە دەکەن کە مارگرێت یەکەم پێشمەرگەی ژنە کە بەشداری لە شۆڕشی ئەیلولدا کردووەو لەکۆتاییشدا بەبێ وردەکاری ئاماژەیان بەوە کردووە کە بەشێوەیەکی غەدرو ستەمکارانە کوژراوە، ئەم شێوازە لە مامەڵەکردنەش بەمەبەست بێت یاخود بە بێمەبەست جێگەی هەڵوەستە لەسەرکردنەو پێویستی بە شرۆڤەو بەدواداچوونی زیاتر هەیە.

لەسەر ئاستی نوسەرو پێشمەرگەو کەسایەتی ئاسوورییەکان، بەئاشکرا هەست بەوە دەکرێت کە مارگرێت پەراوێزخراوەو لەچوارچێوەیەکی زۆر تەسکدا ناوی دەهێنرێت، کە بە بڕوای ئێمە ئەم جۆرە هەڵوێستە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە مارگرێت لەدەرەوەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی ئاسووری بووەو هەرجۆرە چالاکی و خەباتێکی کردبێت خزمەت بە پرسی نەتەوەیی ئاسووری ناکات، واپێدەچێت هەمان جۆرە پەراوێزخستن و لەقاڵبدانی مارگرێت لەنێو بیرەوەری هەندێك لەخەباتکارانی ئەو دەمەو توێژینەوەی بەشێك لە توێژەرانی کوردەوە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە لەلایەکەوە مارگرێت لەڕووی نەتەوەوە کورد نەبووەو لەڕووی ئاینیشەوە موسڵمان نەبووە، هەربۆیە مارگرێت لە هەردوولاوە ڕووبەڕووی جۆرێك لە بێبەری بوون بۆتەوە، کە بێگومان ئەمەش جۆرێکە لە غەدرو ستەمێکی گەورەیە بونیادی کەسێتی مارگرێت، هەرچی سەبارەت بە گەڕیدەو بیانیەکانیشە، پێدەچێت هۆکاری کەم باسکردنی مارگرێت، بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە ئەو کەسانەی ورەگێرو یاوەری بیانییەکان بوون بەهەمانشێوەی تاکەکانی ئەو کۆمەڵگەیە بیریان کردۆتەوەو لەژێر کاریگەری کلتوری خێڵەکی و نزمی ئاستی هۆشیارییەوە بەنەنگییان زانیوە کە بەوردی لەبارەی ژنی کۆمەڵگەکەیانەوە بدوێن.

سەرەڕای هەموو ئەمانە، گومانی تیرۆرکردنی مارگرێت بەپاساوی شەرەف یاخود بە پاڵنەری سیاسی، هێندەی تر بابەتەکەی ئاڵۆزو هەستیارتر کردووەو تەنانەت کەسە نزیکەکانی نێو بنەماڵەکەشی نەیانتوانیوە ڕاستەوخۆ لەبارەی نهێنی و لاپەڕە شاراوەکانی ژیانی پڕ هەورازو نشێوی مارگرێتەوە بدوێن، چونکە پێدەچێت وەها بیریان کردبێتەوە کە قسەکردن لەبارەی ڕۆڵ وژیان و کەسێتی مارگرێت ڕووبەڕووی کێشەو گرفتیان دەکات، ڕەنگە ئەم جۆرە خۆبەدوورگرتنە بۆ کەسانی ئاسایی ڕەوایی پێبدرێت و کەمتر بکەونە بەر بەرپرسیارێتی مێژوویی، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە مارگرێت لە نوسین وبیرەوەری

فەرماندە باڵاكانی شۆڕشی ئەیلولیشدا پەراوێزخراوە، بەتایبەتی لەنێو بیرەوەری و نوسینەكانی جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانیشدا رۆڵ و بەشداری ئەو لەو شۆڕشەدا بەپێی پێویست لەبەرچاو نەگیراوە، ئەمە لەكاتێكدایە كە جەلال تاڵەبانی لەنزیكەوە مارگرێتی ناسیوەو تەنانەت لە ناوەراستی شەستەكانیشدا جۆرێك لە نزیكی و هاوسۆزی مارگرێت بۆ باڵی مەكتەبی سیاسی بوونی هەبووە، هەرچی سەبارەت بە نوسینەكانی بارزانیشە سەرەڕای ئەوەی ستایشی رۆڵ و بەشداری مەسیحییەكان لە شۆڕشی ئەیلولدا دەكات، بەڵام تەنها ناوی مارگرێت وەك پێشڕەوی كیژانی كوردستان و پێشمەرگە دێنێت، بەتایبەتی لە كتێبی بارزانی بزوتنەوەی رزگاریخوازی كورد بەرگی سێیەم، بەوردی و لە چوارچێوەی چوار لاپەڕەدا باس لە شەڕی گەلی زاوێتە دەكات بە بێئەوەی ئاماژەیەك بە مارگرێت بكات(بارزانی، 1974، ج3: 57-61)، كە ئەمەش لەكاتێكدایە مارگرێت بەشداری كۆمەڵێک شەڕی كرووە بەتایبەتی شەڕی گەلی زاوێتەی.

**ئەنجام**

لەكۆتایی توێژینەوەكەداو بەپشت بەستن بە زانیاری نێو سەرچاوەكان ، گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە :-

- كوردو پێكهاتە ئاینی و نەتەوەیەكانی كوردستان، سەمای پێكەوە ژیان و ئاشتی كۆمەڵایەتی لە پەیوەندییەكانیاندا بەدی دەكرێت و پێكەوە بونیادی كۆمەڵگەی كوردستانی پێكدەهێنن.

- مەسیحییە ئاسوورییەكان لە زۆربەی رووداو پێشهاتە سیاسی و سەربازییەكاندا هاوهەڵوێستی كورد بوون و بەشدارییان لە زۆربەی شۆڕشەكاندا كردووە، بەتایبەتیش لە شۆڕشی ئەیلولدا بەشداری كارایان هەبووە.

- پێكهاتە مەسیحییەكانی كوردستان، هاوشێوەی كورد قوربانی هێرش و پەلامارەكانی حكومەتە یەك لە دوایەكەكانی عێراق بوون و رووبەڕووی یستەم و راگواستن و ماڵ وێرانی بوونەتەوەو ژمارەیەكی زۆرلە گەنج و شۆڕشگێرەكانیان رووبەڕووی گرتن و كوشتن بوونەتەوە.

- مارگرێت جۆرج یەكەم پێشمەرگەی ژنە كە بەشداری لە شۆڕشی ئەیلولدا كردووەو بووەتە سیمبولی یەكسانی جێندەری لە شۆڕشی ئەیلولدا.

- مارگرێت بەتەنها رووبەڕووی كلتورو داب ونەریتی چەقبەستووی خێڵسالاری بۆتەوەو هەوڵیداوە سنوورە مەترسیدارەكان تێكبشكێنێت.

- لەژێر كاریگەری كلتورو بە پاساوی نالۆجیكی، لەناوەراستی شەستەكاندا مارگرێت پەراوێزخراوەو رێگەی تێكەڵ بوون و بەشداریكردنی لە خەباتی چەكداری لێقەدەغە كراوە.

- كوشتن وتیرۆكردنی مارگرێت و ئاشكرا نەبوونی ئەنجامدەری تاوانەكە، خاڵی لاوازی دەسەڵاتدارانی ئەوكاتەی ناوچەكەیە

.

- مارگرێت لەرووی مەعنەویشەوە رووبەڕووی تیرۆری كەسێتی بووەتەوەو هەڵاواردن وپەراوێزخستنی بە ئەنقەستی سەرچاوەو بیرەوەرییەكان، راستی ئەو تێڕوانینە دەسەلمێنن.

**لیستی سەرچاوەكان**

**كتێبە كوردییەكان**

1. بارزانی، مسعود، بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی كورد1958-1961، ب2، هەولێر، 2012.

2. بارزانی، مسعود، بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی كورد1961-1975، ب3، هەولێر، 2012.

3. دزەیی، هۆمەر، لەدووگردكانەوە بۆ بنی دونیا بیرەوەری و تێرامان، دەزگای فام،چ٢،ب٢، هەولێر، ٢٠٢٢.

4. قەرەداخی، مەهاباد، ئافرەتیزم مێژووی تێكۆشان بۆ مافی یەكسان لە باشووری كوردستاندا، چاپخانەی شەهاب، چ١، هەولێر، ٢٠١٨.

5. لازاریف و ئەوانی تر، مێژووی كوردستان، و.هۆشیار عبداللە سەنگاوی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، 2008.

6. مۆریس، رینیە، كوردستان یان نەمان، و. ئەبوبەكر سالح ئیسماعیل، چاپخانەی خانی، چ1، دهۆك، 2008.

7. مسعود بارزانی، پێشمەرگەیەک لە پێگەی سەرۆكی هەرێمدا، ئامادەكردنی دیوانی سەرۆكایەتی هەرێم، ب١، چ١، هەولێر، ٢٠١٤ .

8. هێرش، شازین، شۆڕشی ئەیلول لەچەند بەڵگەنامەیەكی مێژوویدا١٩٦١-١٩٦٣، چاپخانەو ئۆفسێتی رەنج،چ١، سلێمانی، ٢٠٠١.

9. امین، صالح محمد، كوردو عەجەم مێژووی سیاسی كوردەكانی ئێران،بێشوێنی چاپ، چ١، 1992.

10. یوسفی، نەجمەدین، شۆڕشا ئەیلولێ دیتن و بۆچون، و. مصلح حمزە، چ١، دهوک،٢٠٢١.

11. ئەسوەد، د. نەوزاد ئەحمەد، كوشتنی ژن بە بیانوی شەرەف، چ2، سلێمان، 2022.

12. چالی، کرمانجێ، تایبەتمەندیین کەسێ چەکدارێ شۆرەشگەرێ کورد – ئیشمەرگە، ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان و زانکۆی دهۆک، دهۆک، 2021.

13. ئەحمەد، ئامانج حەسەن، پەیوەندی نێوان کوردو ئاسوورییەکان1843-1933، تێزی دکتورا پێشکەشی بەشی مێژووی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی کراوە، 2015، بڵاو نەکراوە.

14. ئۆمەربلی، پەرژین جەعفەر رۆستەم، ڕۆڵی ئافرەت لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی لە باشووری کوردستان1958-1991، چاپخانەی دانیشفەر، چ1، هەولێر، 2023.

15. ئیسفەهانی، دکتور عەلیرەزا و سالکی، عەبدولکەریم، تیرۆر، تیرۆریزم و تیرۆریزمی نێودەوڵەتی، و. رێباز مستەفا، چاپخانەی دلێر، چ١، سلێمانی، 2016.

16. مەلا زادە، عەبدوڵا رحمان،شێوەی پێکهاتەی سەربازی شۆڕشی ئەیلولی مەزن کوردتە باسێکە لەسەر پێکهاتەی لەشکری شۆڕشی کوردستان لە ساڵی1965 تا ساڵی1975،سەنتەرێ بێشکچی بۆ ڤەکۆلینێن مرۆڤایەتی، چ٢،دهۆک، 2021.

17. نادر، لورانس، رۆژا ئافرەتان و جاندارکا کوردستانێ مارگریت جۆرج، رۆژنامەی ئەڤرۆ،ژ(٣٣٠٣)، ٢٠٢٣/٣/١٢.

**کتێبە عەرەبییەکان**

18. أحی، عزیز، ماسات شعب، ط٢، بدون مکان و سنه الطبع.

19. بارمتی، قسطنطین بیتروفیج ماتفیف، الاشوریون و المساله الاشوریه فی العصر الحدیث، ت. ح.د.ێ، بدون سنه و مکان طبع .

20. البراک، الدکتور فاضل، مصطفی البارزانی الاسطوره و الحقیقه، بدون اسم مطبعه، بغداد، 1989.

21. البوتانیک عبدالفتاح علی،دراسات ومباحث فی تاریخ الکورد والعراق المعاصر،مطبعه حجی هاشم،ط١،اربیل،2007

22. الجعفری، محمد حمدی، نهایه قصر الرحاب تفاصیل ماحدث لیله 14تموزو صبیحتها، بغداد.

23. ختاری، داود مراد، البێشمەرگە الشهیده مارگریت جورج و دورها فی ثوره ایلول الکوردستانیه، مکتبه کازی، ط١، دهۆک، 2022.

24. سنجاری، علی، الحرکه التحرریه الکوردیه مواقف وآراء، مطبعه خبات،ط١، دهوک،1997.

25. شمدت، دانا ادمز، رحله الی رجال شجعان فی کوردستان، ت. جرجیس فتح الله، دار اراس للطباعه و النشر، ط٢، اربیل، ١٩٩٩.

26. عبدمراد، حیدر نجم، الاستراتیجیه العسکریه لثوره أیلول 1961-1970، اصدارات انسکلوبیدیا الحزب الدیمقراطی الکوردستانی، دهوک، 2021.

27. مخو، لورانس نادر، آشوریو هکاری فی العراق 1933-1988 ، رساله ماجستیر مقدمه الی مجلس فاکلتی العلوم الانسانیه جامعه زاخۆ ، غیر منشور، 2023.

28. نکدیمون، شلومو، الموساد فی العراق و دول الجیوار، انهیار الامال الاسرائیلیه والکردیه،ت. بدر عقیلی، دار الجلیل للنشر، عمان، 1997.

29. الولید، د.ساهر ابراهیم و السقا، أ. زاهر محمد، القتل بدافع الشرف فی التشریع و القضاء الفلسطینی، مجله الجامعه الاسلامیه للدراسات الاسلامیه، المجلد 10، عدد1، 2012.

30. یوسف، افرام عیسی، أزمنه فی بلاد الرافدین، ت. علی ابراهیم، دار المشرق الثقافیه، ط1، دهوک، 2009.

**کتێبە ئینگلیزییەکان**

31. Donabed, Sargon George, Iraq and the Assyrian Unimagining: Illuminating Scaled Suffering and a Hierarchy of Genocide from Simele to Anfal, degree of Doctor of Philosophy, Department of Near and Middle Eastern Civilizations, University of Toronto,2010.

32. Alda Bwnjamen, Assyrians in Modern Iraq Negotiating Political and Cultural Spasce, First published, Cambridge University Press, 2022.

**سەرچاوە ئەلکترۆنییەکان**

33. بیت شموئل،أمیرة، الشهیدة مرکریت جورج (1941-1969) https://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=5187، تاریخ حصول معلومات 2023/9/30 .

34. بەرنامەی دۆکیۆمێنتاری Jintv، https://www.youtube.com/watch?v=HNYNZ3YPBic

**چاوپێکەوتن:**

35. چاوپێکەوتن لەگەڵ رۆز جۆرج مالیك شمعون، 2023/9/30 لەرێگەی تەلەفۆنەوە. ساڵی 1943 لە دایک بووەو خوشکی مارگرێتە، ئێستا لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا دەژی .